زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# گوندی سکتان

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

## لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**یوسف عەبدوڵڵا ئەحمەد سکتانی**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**

**ئایار - ٢٠٢٣**

بسم الله الرحمن الرحيم

وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ ۖ
سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّامًا آمِنِينَ

القران الكريم سورة-سبأ ١٨

## پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە :

- ✓ دایک و باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە هاوکارم بوون.
- ✓ سەرجەم خوێنەران کە بەدوای زانست و زانیارییدا دەگەڕێن.
- ✓ سەرجەم هاوڕێیانم لە بەشی مێژوو.

## سوپاس و پێزانین

- ❖ سوپاس بۆ خودای گەورە کە توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکەم.
- ❖ سوپاسی (د. هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ) سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم ،کە ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری لەگەڵ کێشام و زۆر هاوکارم بوو.
- ❖ سەرجەم دانیشتووانی گوندی سکتان کە هەر هاوکارم بوون.
- ❖ سەرجەم هاورێیانم لە بەشی مێژووی زانکۆی سەلاحەددین
- ❖ سەرۆک بەش و بڕیاردەر و سەرجەم مامۆستایانی بەشی مێژوو.
- ❖ سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیان دام ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

## هێما کورت کراوەکان

**أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی**

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

**بابەت**

**لاپەڕە**


پێشەکی ............................................................................................... (٧)

تەوەری یەکەم

دەربارەی ناوو جوگرافیا و کارگێڕی و شوێنەوارەکانی گوندی سکتان........(١٠)

تەوەری دووەم

پوختەیەکی مێژوویی و سیاسی  گوندی سکتان.............................................(١٨)

تەوەری سێیەم

دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئابووری گوندی سکتان.... ...(٣٢)

ئەنجام ........................................................................................................(٤٥)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان..............................................................(٤٦)

## پێشەکی:

گوندەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەرییان کردووەتە سەر تەواوی مێژووی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، ئەو ڕووداوانە فروان و گشتگر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە، بەڵکو تاکی کورد لە گشت ناوچە جیاجیایەکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە.

گوندی سکتان یەکێک بووە لەو گوندە دیارانەی ناوچەی خۆشناوەتیی پارێزگای هەولێر، کە بەشداری باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی کردووە. چ لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکان بوبێت، یاخود بەشدارییکردن بە شێوازی ڕۆشنبیریی و سیاسی، لە زۆر ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا. خەڵکی جووتیار و نیشتیمانپەروەری سکتان جێپەنجەیان لە بووارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا دیار بووە، ئەمە وێڕای پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی گوندەکە، کە هەمیشە نموونەی گوندێکی کوردەواری دیاربووە، توانیویەتی تا ساڵانێکی زۆر پێگەی کەلتووری و داب و نەریتی باب و باپیرانی بپارێزێت.

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوندەکە، بۆ خوێنەرانی کورد ناڕوونە و کەمتر خراوەتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ڕەنگە لای زۆربەی خەڵک ناوەکەشی نامۆ بێت، کە ئایا ناوەکەی لە چییەوە هاتووە و کەوتووەتە کام شوێنی کوردستان؟ ئەمە لە کاتێکدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی ناوچەی خۆشناوەتی، سەرباری ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەیبووە، کەچی کەمتەرخەمی کراوە لەوەی جەخت لەم گرنگی و کاریگەرییە کرابێتەوە. هیوادارم منیش دەرحەق بەو گوندە کەمتەرخەمیم نەکردبێت .

گرنگی ئەم بابەتە :

گوندی سکتان یەکێکە لە گوندە دیار و ناسراوەکانی ناوچەی خۆشناوەتی، کە ڕۆڵێکی دیاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناوچەکەدا گێڕاوە، هەروەها خاوەن دەیان ڕۆڵەی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیری لێهاتوو بوو، کە ماوەیەکی زۆر لەو ناوچە لە

خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی کوردستاندا بوونە. دانیشتووانی گوندەکە، لە پێشەنگی ئەو کەسایەتییانە بوون کە توانیان بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان جێپەنجەیەک لە کوردستاندا بکەنەوە .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە :

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خانەوادەکەی من خەڵکی ئەو گوندەن، بەڵام لە زۆر شتی گوندی باب و باپیرانم، شارەزاییم نەبوو، پرسیارم دەکرد ڕۆڵی ئەم گوندە چی بووە؟، دواتر بۆ دەرکەوت کە گوندەکە نموونەی گوندێکی ناسراوی ناوچەی خۆشناوەتی بووە، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی ناوچەی خۆشناوەتی و هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی، بۆیە دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیارم، بریارم دا توێژینەوەکەم لە سەر ئەم ناونیشانە بێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە، لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەم بەناوی جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی سکتانە، باسی هەریەک لەم لایەنانەی گوندەکە کراوە، بەتایبەت مێژووی دروستبوونەکە و ناوی گوندەکە کە لە چیەوە هاتووە. تەوەری دووەم باس لە لایەنی سیاسی گوندی سکتان دەکات، ئەویش لە چەند باسێک پێک دێت پێک، وەک بەشداری خەڵکی گوند لە باری سیاسی ئەو ماوەیەی شاری هەولێر و کوردستان، تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (بارودۆخی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گوندی سکتانە) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، باس لە لایەنی پێگەی کۆمەڵایەتی گوندەکە و لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە باس لە خوێندنی حوجرە و خوێندنی فەرمی و لە ڕووی ئابووریشەوە، وەک لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕۆڵی ئەمانە بەگشتی، باس کراون.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودی زیاترم لەسەرچاوەی مەیدانی و چاوپێکەتنە تایبەتەکان وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ کەمی سەرچاوەی نووسراو دەربارەی

گوندەکە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سوودم لێ بینی بێت، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی گوندی مێرخوزار بووە، بەناوی مەلا خدر سکتانی، کە گەلێک بیرەوەری مێژوویی گوندەکەی لایە. هەروەها هەریەک لە عەبدوڵلا سکتانی و مامۆستا محەمەد تەها و ئەوانیدیکەش، زانیاری گرنگیان بۆ ئەم توێنەوەیە دابین کردووە. لەگەڵ ئەمانەدا چەند کتێبێکیش سوودیان لێ وەرگیراوە، وەک کتێبەکەی عەبدوڵلا غەفوور بەناوی جوگرافیای گوندەکانی کوردستان و خۆشناو و خۆشناوەتی کەمال میران و مێگووی کۆیەی تاهیر حەوێزی و ئینسکلۆپیدیای هەولێر، هەروەها سوود لە چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتیش وەرگیراوە، کە ئەوانیش هاوکاربوون، بۆ زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکورِی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، لەو کەموکورِییانەش ئەوەبوو، کە بەهۆی سەرقاڵی لە رادەبەدەرمان نەمانتوانی توێژینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتنی زیاتر ئەنجام بدەین. سەرەرِای ئەوەش هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشک کردبێت.

**تەوەرەی یەکەم/**

## دەربارەی ناوو جوگرافیا و کارگێڕی و شوێنەوارەکانی گوندی سکتان

### باسی یەکەم. ناوی سکتان لە چییەوە هاتووە؟

سکتان، یەکێکە لە گوندەکانی باشووری کوردستان لە ناوچەی خۆشناوەتی، سەر بە ناوەندی قەزای کۆیەیە لە پارێزگای هەولێر. هەروەها یەکێکە لە گوندە هەرە دێرین و کۆنەکانی کوردستان، کە خاوەن مێژوویێکی دوور و درێژە و چەندین جار تووشی وێرانبوون و کاولکاری بووەتەوە و دووبارە ئاوەدان کراوەتەوە، وە یەکێکە لەو گوندە جوان و دڵفڕێنانەی باشووری کوردستان کە خاوەن ئاووهەوایەکی خۆش و گونجاو و دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشە.

سەبارەت بە ناوی سکتان، چەند بیر و بۆچوونێکی جیاواز هەن، کە دەربارەی ناوەکەی دەدوێن، کە یەکێک لەوانە دەڵێت: سکتان مێژوویێکی زۆر کۆنی هەیە و دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلام، وە بە گوێرەی قسەی پیران و بەساڵاچووانی ئەو گوندە، کە ئەوانیش دەماودەم لە باوک و باپیرانیانەوە گوێیان لێبووە و بیستوویانە، دەڵێن، کە ئەو گوندە لە سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، پاشایەکی مەسیحی لێبووە، بەناوی (ئەبراهام) یان (ئیبراهیم)، کە ئەو ئاوەدانی کردووەتەوە و کچێکی هەبووە ناوی (سکتان)بووە و ئەو گوندە بەناوی ئەو کراوەتەوە[١].

(١) هۆشیار عەبدوڵڵا، ناوی جوگرافی و مێژوویی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩،ل٥٠٥.

وه بەپێی قسەی مامۆستا سەلام حەیدەری[٢] کە یەکێک لە مەلا ناودارەکانی کوردستان و دەڤەری خۆشناوەتییە، خاوەن کتێبی (چەند لاپەرەیەک لە مێژووی کوردانی ونبوو)ە، دەڵێت: ناوی ئەو پاشایە ئەبرەهام نەبووە بەڵکو ناوی (ئەبرار)بووە[٣].

سەرچاوەیەکی دیکە پێی وایە، کە بنەچەی ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە وشەی (المسکنان) هاتووە، واتە شوێنی نیشتەجێبوونی دوو بنەماڵەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا دوو بنەماڵەی گەورەی لێبووە و ناوەکەی لەوەوە هاتووە[٤].

هەر سەبارەت بە ناوی سکتان ڕاییێکی دیکە دەڵێت: بەهۆی ئەوەی سکتان ناوچەیەکی شاخاوی و ساردبووە، هەردەم بەفر و بارانێکی زۆری لێ باریوە و بەهۆی سەرما و سۆڵەوە ڕێگاکانی بەستوویەتی، بە تایبەتی کە لەو کاتەدا شوێنێکیان هەبوو بە ناوی (گۆمی خێویان)[٥]، یان (گۆمی ئەجندان)، ئافرەتان ئاویان لێهێناوە و لە ڕێگادا تووشی هەڵخلیسکان بوون و بەربوونەتەوە و ئەمەش لە وشەی (سکات)ەوە هاتووە بە واتای خلیسکان دێت[٦].

هەروەها بۆچوونێکی دیکە هەیە، دەربارەی ناوی سکتان، کە ئەمەیان زیاتر پشتڕاستکراوەتەوە لەلایەن خەڵکانی ناوچەکە، ئەویش ئەوەیە کە لە ناوی گوڵێکەوە هاتووە

---

(٢) مەلا سەلام مەلا موحەممەد نەبی حەیدەری (١٩٢٤-٢٠٠٧())، لە ناوچەی خۆشناوەتی لەدایکبووە، خوێندنی حوجرەی تەواوکردووە، لەسەردەستی زانا ناسراوەکانی ئەو سەردەمە خوێندوویەتی، دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨، بەشداری لە خوولێکی پەروەردەیی کردووە و بووەتە مامۆستا، نووسەر و شاعیریش بووە، چەند بەرهەمێکی چاپکراوی هەیە، لەوانە وەک: حاجی میرانی خدر بەگ، شەوێک لەگەڵ خەیام، گوڵشەن (فەرهەنگی کوردی و عەرەبی و فارسی، چەند لایەنێکی ونبوو لە مێژووی کورد، میعراج نامە (هۆنراوە())...تاد. هۆشەنگ سالّح نەجار، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆلی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتی، ئەکادیمیای کوردی (گۆڤار())، ژ (٤٩())، ٢٠٢١، ل١٨٧.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی، لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە سکتان.

(٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا محەمەد تەها، لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٠ لە هەولێر.

(٥) گۆمی خێویان: یەکێک لە سەرچاوە ئاوییەکانی سکتان بووە، بۆ دابینکردنی ئاو، تایبەت بووە بە ئافرەتان، کە بەکاریان هێناوە وەک گەرماو بۆ خۆشوشتن و پاککردنەوە و هێنانی ئاو بۆ ناو ماڵەکان بۆ ئیشی ناو ماڵ و خواردنەوە.

(٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حسێن، لە بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٦ لە سکتان.

به ناوی (ستک)[٧]، بەهۆی ئەوەی لە وەرزی بەهاران ئەو جۆرە گوڵە بە ڕێژەیەکی زۆر دەبینرێت لەو ناوچەیە و بەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی خەڵکانی ناوچەکە هۆکاری ناونانی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو جۆری گوڵە[٨].

**باسی دووەم. هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی سکتان:**

گوندی سکتان، کەوتووەتە باکووری قەزای کۆیە، وە لای ڕۆژئاوای ناحیەی هیرانە، وە لای باکووری ناحیەی بالیسانە. وە لای رۆژهەڵاتی قەزای ڕانیەیە. گوندەکە لە ناوچەیەکی شاخاوی هەڵکەوتووە. لەنێوان هەردوو لوتکە شاخی کنێران و دارۆشە دایە. وە لەڕووی ڕۆژهەڵاتەوە، لوتکە شاخی مام خۆشناوە، لە زنجیرە چیای هەورێ و لوتکە شاخی ئاوەگرد لە ڕۆژئاوایەتی. وە هەریەکە لە لوتکە شاخەکانی زیلیان و گەرەکون و شێخەمیر و بلالۆک بەسەر گوندەکەدا دەڕوانن، بەشی سەرەوەی کەوتووەتە دۆڵایێکی تەنگەبەر، بە درەختی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە. لە بەشی سەرەوەی دۆڵاییەکە، کانیاوێکی لێیە بە ناوی (سەروکانی) وە لەسەر ئەو ئاوە، شوێنەواری چەندین ئاش دەبینرێت، کە مێژووەکەیان زۆر کۆنە [٩].

گوندی سکتان ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە شارەدێ (ناحیە)[١٠] سنوری ناحیەی سکتان وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، بەشێکە لە ناوچەی دۆڵی هیران و نازەنین ، ئاقارەکەی لەگەڵ هەریەک لە گوندەکانی) جەلی، کاموسەک، سناوە، نازەنین، کۆلکەڕەش، کۆدەڵە، گردگۆران، قاقە)، لەسەریەکە[١١]. بەگشتی ڕووبەری سکتان نزیکەی (١٥١ کم$^{٢}$) یە، کەوتووەتە سەر هێڵی درێژی (٤٤.٦١٨٨) و هێڵی پانی (٣٦.٢٣٨٢). دووری لە ناوەندی پارێزگای هەولێر

---

([٧]) ستک:جۆری گوڵێکە لە بەهاراندا دەڕوێت و بەریشی هەیە و دەخورێت، تامی شیرینە، ئەو جۆرە گوڵە زیاتر لەو شوێنانە دەڕوێت کە کەند و زیخەڵان بێت .

([٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی عەلی احمد، لە بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٢٢ لە هەولێر.

([٩]) وێب سایتی ئینتەرنێت، https://www.hawlergov.org/app/ar/node/412

([١٠]) https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=20151016205816127552

([١١]) عبدالله غفور، گوندەکانی باشووری کوردستان، چ١، سنە،٢٠٢١، ل٤٥-٤٦.

نزیکەی (٩٨کم)ە. وە لە نزیکەی (٣٠کم) لە قەزای کۆیەوە دوورە لێیەوە، وە هاوسنووری شارەدێی هیرانیشە کە (١٠کم) دوورە لێییەوە[١٢].

لەڕووی تۆبۆگرافیاوەش، سکتان دابەش دەبێت بۆ سەر سێ بەشی سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە: ناوچەی دەشت، کە لە (٢٣٪ ) خاکی سکتان لە دەشت پێکهاتووە. وە ناوچەی گرد، کە ئەویش لە (٢٣٪) خاکی سکتان پێکدەهێنێت. وە ناوچەی چیا: زۆرترین ڕێژەی خاکی سکتان پێکدەهێنێت کە ئەویش لە (٥٦٪)یە[١٣].

سەبارەت بە ئاوو هەوای ئاووهەوای شارەدێی سکتان، ئاووهەوایەکەی تاڕادەیەک شێدارە. بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە، لە وەرزی زستاندا ڕێژەیەکی باش بەفری لێدەبارێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر لوتکەی شاخەکانەوە دەمێنێتەوە. هەروەها ڕێژەیەکی باش بارانی لێدەبارێت، کە بە نزیکەی تێکڕای بارانی ساڵانەی لە نێوان ( ٨٠٠–١٠٠٠) ملم دایە، کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش و لەبار بووە بۆ جووتیار و کاری کشتوکاڵ و لەوەڕاندن، سوودێکی زۆری بە دانیشتووانی گوندەکە گەیاندووە. هەروەها زۆری بەفر و باران، یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ زیادبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی، وەک کانی و ئاوی ژێر زەوی. هەروەها لە وەرزی هاوینانیشدا خاوەن ئاووهەوایەکی تاڕادەیەک مام ناوەندە و لە شەودا پلەکانی گەرما دادەبەزن و لە ڕۆژدا بەرز دەبنەوە[١٤].

**باسی سێیەم. لایەنی کارگێری گوندی سکتان:**

بە فرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٠٩)، لە بەرواری ٢٠٠٥/٦/٥، بڕیاری دامەزراندنی ناحیەی (سکتان) دراوە[١٥]. یەکەم بەڕێوبەری ناحیەش ناوی (طارق جەلال حەیدەری)[١٦] بوو. پێش ئەمە، هیچ ئاماژەیەکمان نییە کە دەریبخات کە سکتان خاوەن کارگێڕیەک بووبێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ سەر بەناوەندی قەزایی کۆیە بووە. تەنانەت ئەم

---

(١٢) عبداللە غفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٥،ل٢٩٨.

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل٢٩٩.

(١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئاکۆ قادر،لە بەرواری٢٠٢٢/٣/٢لە کۆیە.

(١٥) وێب سایتی ئینتەرنێت،https://www.hawlergov.org/app/ar/node/412

(١٦) خەڵکی بێتواتە بوو و لە کاتی ئێستادا قائیمقامە لە کۆیە.

گونده هیچ میر و ئاغایەکی دیاریکراوی نەبووە، کە خۆی بە خاوەن یان فەرمانڕەوای گوندەکە دابنێت. ئەوەی بەرچاو کەوتووە، تەنها کێخوا هەبووە و گوندێکی کوێخواداری بووە. لەم ڕووەوە ناوی دوو کێخوا دێت، کە کێخوای سکتان بوون، ئەوانیش هەریەکە لە کێخوا محەمەد حەسەن و کێخوا ئەحمەد مستەفا، بوون[١٧]. هەروەها لە کتێبی (مێژووی کۆیە)ی تاهیر حەوێزی، باس لە کێخوا ناوێک بەناوی کێخوا حەسەن کوڕی کێخوا کاکەڵڵا کراوە. کە یەکێک لە موختارەکانی گوندی سکتان بووە[١٨].

پێش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هیچ شتێکی فەرمانگەیەکی کارگێڕی بۆ گوندی سکتان دروست نەکراوە. تاکە خزمەتگوزاریی گوندەکە لە سەردەمی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٧٧، هێنانی شەقامی سەرەکی بوو بۆ ناو گوندەکە، کە ئەویش لە هیزۆپەوە دەستی پێدەکرد بۆ شەقڵاوە. بەڵام ڕێگاکە خراپ و پەراوێز خرابوو، بەڵام دوای بوونی بە ناحیەوە نۆژەنکرایەوە و ئەو بەشەی کە تێکچووبوو بە قیر پڕکرانەوە[١٩].

 وێڕای نەبوونی خزمەتگوزاری، چەند جارێک گوندەکە دووچاری وێرانبوون و دەربەدەربوونی خەڵکەکەی هاتووەتەوە. ساڵی ١٩٧٤ گوندەکە دووجار کاول بووە و نزیکەی ٨٥ ماڵ دەربەدەر و ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونە. بەهۆی هێرش و پەلامار و دژبۆهێنانەکانی حکوومەتی عێراق، هەروەها جارێکیش لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی پڕۆسەی ئەنفالەوە، گوندەکە بە تەواوەتی وێران بوو و دووبارە خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەربوون و زۆربەیان ڕوویان لە شاخەکان کرد و خۆیان تیایدا حەشاردا[٢٠].

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و ڕاوەدوونانی حکوومەتی عێراق، دووبارە گوندەکە ئاوەدانی بەخۆیەوە بینیەوە و خەڵکەکەی خۆی بەشێکیان گەڕانەوە، لەسەر کاولەخانووەکانی خۆیان دەستیان بە خاوێنکردنەوە کرد و دووبارە دروستیان کردنەوە،

---

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر حسێن، لە بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٦ لە سناوە.

(١٨) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، ب١، چاپخانەی الوفاء، بغداد،١٩٦٢، ل٩٧.

(١٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی، لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە سکتان.

(٢٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله سکتانی، لە بەرواری٢٠٢٣/١/٣ لە سکتان.

ئەوەشی کە کەڵکی هیچی نەمابوو لە دەوری گوندەکە دەستی بە دروستکردنی خانوو کردوو و دووبارە ئاوەدانی بۆ گەڕایەوە[٢١].

ساڵی ١٩٩٤، بۆ یەکەمجار بنکەیەکی تەندروستی لەسەر شەقامی سەرەکی گوندی سکتان کرایەوە. کە پڕۆژەکە لەلایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازی ئەمریکی بە ناوی (فاو) ئەنجام درا. لەلایەن دوو پزیشکەوە سەرپەرشتی دەکرا، کە ئەوانیش هەریەک لە دکتۆر سەلاح عەولا[٢٢] و دکتۆر ڕەسوول ئەحمەد[٢٣] بوون. لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەک کارگوزاشی هەبووە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان. وە هەر لە تەنیشت بنکە تەندروستییەکەوە دوو خانوو، بەناوی خانووی دکتۆران دروستکران. بۆ هەریەک لە دکتۆرانی نەخۆشخانەکە[٢٤].

وە لەگەڵ ئەوانەشدا چەند یەکەیەکی کارگێڕی دیکە دامەزران و بەڕێوبەریان بۆ دانران کە ئەمانوبوون:

١. بنکەی پۆلیس (زانا ئاقوبانی )
٢. شارەوانی (ئیسماعیل حمدامین نازەنینی)
٣. ئاسایش (ئومێد حسن)
٤. کشتوکاڵ (کیفی سلیم کۆیی) [٢٥]

**باسی چوارەم. شوێنەوارەکانی گوندی (سکتان):**

گوندی (سکتان)، چەند شوێنەوارێکی تێدا هەن، کە بەڵگەی زیندووێتی مێژووی کۆنی ئەو گوندەن، هەروەها چەند ئەشکەوتێکیش هەن، کە ئەوانیش چالاکی مرۆییان تێدا بووە. لە گرنگترین قەلاکان ئەمانەن:

---

(٢١) هەمان سەرچاوە.
(٢٢) خەڵکی ناوچەی چۆمانی دەڤەری باڵەکایەتییە، ئێستا بەڕێوەبەری کارگێڕی بنکە تەندروستییەکەیە.
(٢٣) بە ڕەچەڵەک سکتانیە و دانیشتووی شارۆچکەی ڕانیەیە
(٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی، لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە شارەدێی سکتان.
(٢٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئاکۆ قادر، لەبەرواری ٢٠٢٢/١٢/٣ لە کۆیە.

١. قەڵای باسا ئاغا (عەباس ئاغا) یاخود کۆنە قەڵات: لەسەر گردێکە لە ڕۆژئاوای سکتان، محەمەد پاشای کۆرە (یان گەورە)، دروستی کردووە، شێوەی قەڵاکە چوارگۆشە بووە، لە هەر چوار لاکەی شوێنی تایبەتی وەک (شوورا) هەبووە، بۆ چاودێریکردنی دەوری قەڵاکە، حەوزی ئاوی تێدا بووە، شوێنەواری خەزێنەی هەبووە، کە پێی دەڵێن (کاولی برنج)، بە گوێرەی قسەی خەڵکانی نێو گوندەکە، ئەو کاولە برنجە، کە شوێنی هەڵگرتنی ئازووقە بووە. لە سەردەمی شەڕی نێوان بابانەکان و میری سۆران سووتاوە و کاول کراوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت شوێنەواری برنجی سووتاویشی تێدا بەجێماوە[٢٦].

٢. قەڵاتگە: قەڵایەکە بۆ هۆزی خێویان دەگەڕێتەوە، کە سەر بە هۆزی بلباس بوون. شوێنەواری قەڵاکە و کاولە خانووەکانی سەری ماوە. قەبرستانیان ماوە بە ناوی (کۆخە ڕەش)، هەروەها شوێنی تایبەتیان هەبووە بە ئافرەتان کە شوێنەوارەکەی ماوە بە ناوی (گۆمی خێویان)، کە بۆ خۆشووشتن ئاو هێنان بۆ کاروباری نێو ماڵ بەکاریان هێناوە[٢٧].

دیارترین ئەشکەوتەکانی گوندی سکتانیش ئەمانە بوون:

١. ئەشکەوتی سۆلی مێراب: لە نێو شاخی دارۆشەدایە، ئەشکەوتێکی سرووشتیە، دوورودرێژە و دوو دەرگای هەیە، شوێنی ژیانی تێدا بووە و تا ئێستاش شوێنەواری ماوە[٢٨] .

٢. ئەشکەوتی سەرووکانی: ئەو ئەشکەوتە کەوووەتە (گەلی سکتان) بن شای کنێران، ئەم ئەشکەوتە دەستکردە و سروشتی نییە و جێگای ژیانی هەبووە و شوێنەواری هەبووە، چەندین داری بەرداریی چێنراوی لێیە، ئەوانیش وەک (هەنار، هەنجیر، دارگوێز، سماق، دارە مێو و چنار و ئەسپیندارو شەنگەبی و چەندانی تر..)، ئەمە و بوونی چەندین تاقگەی جوان و بەرز، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاردا، وەلەزستانیشدا ئەو کاتەی کە دونیا سارد دەبێت، ئاوی چۆڕاوەی ناو ئەشکەوتەکەدەبەستێت لەشێوەی (سوولە)[٢٩] کەڕێک لەئەشکەوتی

---

([٢٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ دیاری مەلا خدر، لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/١٢لە سکتان.

([٢٧]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله رەسول ئەحمەد، لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە سکتان.

([٢٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ خلیل قادر، لە بەرواری٢٠٢٢/١٢/١٠ لە سکتان.

([٢٩]) سوولە: ئەو ئاوەیە کە لە درز و کەلێنی ئەشکەوتەکان دێتە دەرەوە و بەهۆی سەرماوە دەیبەستێ کە شێوەیەکی باریکی درێژ و نوک تیژی دەبێت.

(بێستوون) دەچێت. ئەم ئەشکەوتەلەسالانی (١٩٤٥–١٩٧٥) لانکەی خەباتی کوردایەتی بووە و خەستەخانەیەکی گەورەی سەر بە شۆڕشی شاخی لێبووە. هەروەها دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە گوندەکە تووشی وێرانکاری بووە. ئەو ئەشکەوتە سوودێکی زۆری بۆ خۆحەشاردان لە زوڵم و ستەم و زۆربۆهێنانەکانی حیزبی بەعس هەبووە[٣٠].

٣. ئەشکەتی ڕازی بێریان: کەوتووەتە کۆتایی چیای دارۆشە، لەسەر ڕێگای گردەشێر و ئەشکەوتێکی سرووشتییە[٣١].

٤. ئەشکەوتی بێراوە: لەبن شاخی چەقەری گایان، ئەشکەوتێکی سرووشتیە[٣٢].

٥. ئەشکەوتی سەر گردی: لە شاخە سۆرکە دایە. ئاویشی تێدایە، شوێنی ژیانی تێدابووە، لە ساڵانی نێوان (١٩٦٣–١٩٦٩)دا، نەخۆشخانەشی تێدابووە بۆ تیماری شۆڕشگێڕانی ئەیلوول، شوێنێکی فراوان بووە کە جێگای زیاتر لە (٣٠)ی ماڵی لێ دەبووەوە[٣٣].

---

(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا قادر، لەبەرواری١٠/١٢/٢٠٢٢ لە سکتان.

(٣١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید زوبێر ئەحمەد، لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/١٢ لە سکتان.

(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسکەندەر قادر، لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/١١ لە هەولێر.

(٣٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ یوسف عومەر، لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٢ لە هەولێر.

**تەوەری دووەم.**

## پوختەیەکی مێژوویی و سیاسی گوندی سکتان

**باسی یەکەم. پوختەی مێژووی دروستبوون و بنەماڵەکانی گوندی سکتان:**

لەبەر ئەوەی سکتان ناحیەیەکی نوێیە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە، مێژوویێکی ئەوتۆی وەک (یەکەی کارگێڕی) نیە. بەڵام ناوچەکە مێژوویێکی دێرینی هەیە، وەک بوونی چەندین گۆڕستانی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام و شوێنەواری هەندێ جۆگەی بەردین و ئاشی ئاو و ژمارەیەک قەڵاتی بچووک، لەوانە (قەڵاتی باساغا)، کە پێگەیەکی سەربازی و کۆکردنەوەی داهات و بەروبومی کشتوکاڵی بووە، لە سەردەمی میرنشینی سۆراندا[٣٤].

بەپێی بوونی ژمارەیەک شوێنەوار، واپێدەچێت، کە ئەو گوندە لە پێشدا زۆر گەورە و فراوان بوبێت و مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی هەبێت، کە بۆ ماوەیەکی درێژی پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی کە گۆڕستانێکی زۆری تێدایە، کە ژمارەیان نزیکەی (٢٦) گۆڕستان دەبێت، هەندێکیان ڕوویان بەرەو ڕۆژئاوایە، هەندێکی تریان بەرەو قودس شاردراونەتەوە[٣٥]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەوانە گۆڕی خەڵکانی مەسیحی و یەهوودی بوونە، کە لە هەر لە دێرینەوە لەو گوندەدا ژیاون. وە هەشیانە مردووەکانیان لە کوپەدا شاردووەتەوە، کە تا ئێستا مێژووەکەیان زۆر ڕوون نیە. تاکو ئێستاش شوێنەواری هەندێک لە قەبرستانەکان ماون، وەک: قەبرستانی پاش گەروو، بەری گچکە (مێرابیشی پێدەگوترێت)، سەر دەرگە، گردی جاسوسان. ئەوانە کە تاکو ئێستاشی لەگەڵ دابێت خەڵکی لێ دەنێژرێت، زۆری ئەو قەبرستانانەش وایکردووە، کەوا بڵێین خاوەن مێژوویەکی دووردرێژە[٣٦]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دێرینیی گوندەکە.

---

(٣٤) وێبسایتی ئینتەرنێت، https://www.hawlergov.org/app/ar/node/412

(٣٥) هۆشیار عبدالله، ناوی جوگرافی و مێژوویی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل٥٠٥.

(٣٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی ،لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە سکتان.

هەروەک لە پێشوودا گوتمان کە سکتان خاوەن مێژوویێکی دێرینە و بۆ پێش هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە. کە دەڵێن دوو بنەماڵە هەبوون حوکمی سکتانیان لەژێر دەست دابووە ئەوانیش هەریەکە لە بەرەبابی (میرانی خدری و میر مەحمەلی)ی بوونە، کە دەربارەی ئەم بنەماڵانە چەند بۆچوونێک لە ئارادان. بۆچوونێک پێی بوایە، ئەوانە ڕەچەڵەکیان بە ڕوونی دیار نیە. بەڵام میر مەحمەلییەکان نەژادی خۆیان بۆ میرنشینی ئەردەڵان دەگێڕنەوە. گوایە یەکێک لە میرەکانی ئەردەڵان بەناوی (میر ئەمبێز) ڕووی کردووەتە ناوچەی خۆشناوەتی و لەوێ گیرساوەتەوە، پاشان نەوەکانی لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە بە (سکتان)یشەوە نیشتەجێ بوونە[٣٧].

سەرچاوەیەکی دیکە دەڵێت: ئەو گوندە لە قۆناغێکدا و بە هۆکارێکی نادیار تێکچووە، بەڵام لەساڵی ١٣٥٠ز جارێکی دیکە لەلایەن کەسایەتیەک بە ناوی (فەقێ جەعفەری کوڕی سید بطل) ئاوەدانکراوەتەوە. ئەم کەسایەتییە لە گوندی (گۆمەشینی سەیدان)ی دەشتی کۆیەوە هاتووە و موڵکی سکتانی کڕیوە. پاشان ناوی پێنج برا بەناوەکانی (عومەر، خدر، مامەر، مەحمەر، فەقێ زوبێر) دەهێنن، کە ئەوانیش ڕۆڵ لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم دەڤەرەدا دەگێڕن و زەوی زارەکەشی بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن. ئەوانیش پێنج تیرەیان لێ دروست بووە، بەناوەکانی (میر عومەری، میر خدری، میر مامەری، میر مەحمەری، فەقێ زوبێری)، کە ئێستا بەشی زۆری دانیشتووانی سکتان، بە بنەماڵەکانیان ناوی ئەم تیرانە ناودەهێن. کە خۆیان پێی دەڵێن (بەرەباب)، واتا دانیشتوانی سکتان بەسەر ئەم پێنج بەرەبابەدا دابەشبووە. وە ئەم پێنج کەسە نەوەی زۆریان لێ بووەتەوە و چەندین بەرەبابی بچوکتریان لێ دروست بووە و لە هەولێر و شەقڵاوە و ڕانیە و کۆیە و تەقتەق[٣٨] و گوندەکانی بێتواتە، کاموسەک، سناوە، جەلی، کۆدەڵە، قەرەنی ئاغا، کانی بەرد، نواوە، دواوە، شێخ وەسانان، مامەجەلکە، عەوێنە) بڵاوبوونەتەوە[٣٩].

---

(٣٧) کەمال خورشید میران، خۆشناو وخ ۆشناوەتی، ئا: سالار میران، چاپخانەی وەزیرییە، بەغداد، ١٩٨٥، ل٤٩-٥٠.

(٣٨) https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=20151016205816127552

(٣٩) هەمان سەرچاوە.

له مێژووی نوێدا، گوندی سکتان سنووری نێوان هەردوو میرنشینی سۆران و بابان بووە، تا ئەو کاتەی شەڕ لە نێوان هەردوو میرنشینەکە ڕوویداوە، سنووری میرنشینی سۆران گەیشتووەتە قەزای دووکان، ئەوکاتە سکتان کەوتووەتە ناو سنووری میرنشینی سۆران. وەک لە بەرگی یەکەمی (مێژووی کۆیە)ی مامۆستا تاهیر حەوێزی. دەربارەی شەڕی سکتان هاتووە: کاتێک نفووز و هێزی پاشای کۆرە (یان گەورە) گەیشتە ناوچەی سورداش، مەحموود پاشای بابان، بە ناعیلاجی لەگەڵ محەمەد پاشا کەوتە شەڕەوە، وە لەشکری ڕەواندزی شکاند و لەم وەقتە تەنگانەیەدا بوو کە سلێمان بەگی برای، بەرامبەری قەڵای سکتاندا بەشی زۆری لەشکری تەفرەدا و کتوپڕ گەڕایەوە و چووە سەر سلێمانی و حاکمیەتی لە کاکی زەوت کرد[٤٠]. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سکتان ماوەیەک پێگەی سەربازی بووە، لە ماوەی شەڕی نێوان میرنشینی سۆران و بابانەکاندا.

**باسی دووەم. بەشداری گوندی سکتان لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا:**

**١. شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨**

شۆڕشی چواردەی تەمموز لە عێراق، وەک شۆڕشێکی سەربازی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئەو وڵاتە دادەندرێت، لە لایەک کۆتایی بە ڕژێمی پاشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨) هێنا، کە ماوەی (٣٧) ساڵ بوو فەرمانڕەوایی وڵاتی عێراقی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە کۆتایی بە داگیرکردنی ناڕاستەوخۆی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە هێنا، کە لە پێشدا زۆربەی بڕیارە چارەنووسسازەکانی ئەو وڵاتە، لە بەرژەوەندی ئەواندا یەکلادەکرانەوە. ئەگەرچی ژمارەیەک ئەفسەری باڵای سوپای عێراق هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکە و سەرخستنی بوون، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی عێراق، پشتگیری و پێشوازییان لە ڕووداوەکە کرد و هاوڕابوون لەسەر چەسپاندنی بنەماکانی[٤١].

لە یەکەم بەیاننامەی شورشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بڵاوبووەوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو

---

(٤٠) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، س.پ، ل٦٠.

(٤١) هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغداد، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب-زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١٧.

بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقڵیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەڕکی جەژنیان گرت و ئەو ڕوژەیان پیروز کرد[٤٢]. شاروشارۆچکەکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە و دهۆک و زاخۆ و ئامێدی لەژێر ڕێنمایی پارت و ڕێکخراوەکان ڕاپەڕین[٤٣]

لەم نێوەندەشدا گوندی سکتان پاڵپشتی کودەتا سەربازییەکەی گەلی عێراقیان دژ بە ڕژێمی پاشایەتی و ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کردووە. کە بووە مایەی ئەوەی دڵخۆشییەکی زۆر بۆ خەڵکی سکتان بهێنێت و دڵیان زۆر پێی خۆش بووە. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شۆڕش، خەڵکی سکتان لەو ڕۆژەدا خۆشیان دەربڕیوە و ئاهەنگیان گێڕاوە و بە شایی و هەڵپەڕکێ و بەخشینەوەی نوقڵ و شیرینی خۆشیان دەربڕیوە. چەند کەسێکیش لەنێو سکتاندا بەشداربوون لە پاڵپشتیکردنی عەبدولکەریم قاسم بەهۆی لایەنگیرییان بۆ شوعیەت، لەو کەسایەتییانەش ئەمانە بوون:(سەید تەها سکتانی، ئەحمەد حەمەد ئەحمەد، مستەفا حەسەن). هەر ئەوانە کەوتوونەتە هاندانی خەڵکی دێهاتەکە بۆ پشتگیری لە شۆڕش و ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی، بەتایبەت ئەو دروشمانەی تایبەت بە نەهێشتنی چینایەتی و مافی جووتیاران بەرزی کردبووەوە. ئەمەش وایکردووە کە گوندی (سکتان)یش ڕۆڵی هەبێت لە بەشداریکردن لە کودەتا سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و گەلی عێراقی، چ بە توانای سەربازی و هێزی مەعنەوی ببەخشنە بەر شۆڕشگێران و شۆڕشە سەربازییەکە دژ بە دەسەڵاتە پاشاییە ستەمکارییەکە، کە لە ئەنجامدا بووە مایەی داڕووخانی مەلیک لە کورسییەکی[٤٤].

**٢. شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵ و هەڵوێستی گوندی سکتان:**

لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، بەیاننامەی لێبووردن بۆ بارزانی و هاوەڵەکانی دەرچوو، دوای دوانزە ساڵ دەربەدەری لەناو یەکێتی سۆڤیەتدا،

---

(٤٢) حامید گەوهەری، مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٧ ، ل٢٠٢.

(٤٣) رفیق رحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا (١٩٥٨-١٩٧٠)( ١٠)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٠٥.

(٤٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی مەعروف، لە بەرواری ٢٠٢٣/٢/١٧ لە سکتان.

بارزانی و هەڤاڵەکانی گەڕانەوە بۆ عێراق و حکوومەت خانووی بۆ بارزانی دابین کرد لەناو بەغداد، سەرجەم کورد، بەم گەڕانەوەیەی بارزانی دڵخۆش بوون و دووبارە گەشانەوە و لەنووسینەکانیاندا نازناوی (زعیم الشعب الکردی ملا مصطفی البارزانی) یان بڵاودەکردەوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦٠) جموجۆڵی پارتی لەگەشەکردن و پەرەسەندن دابوو بەبەردەوامی کۆبوونەوەیان لەناو بەغدا بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی سازدەکرد. عەبدولکەریم قاسم ئەمەی بەدڵ نەبوو، کەوتە بیانووگرتن بە پارتی و سەرکردەکەی، لەلایەکی دیکەوە تورکیا لەلای خۆیەوە سەدان ڕۆشنبیری کوردی گرت و لەبەندیخانە توندی کردن و ئێرانیش بەهەمان شێوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ترس و ڕاوەدوونانی ڕۆشنبیرانی کورد، لە ڕۆژئاوای ئێراندا. لەناو عێراقدا، بارزانی هەستی بەنیازخراپی ڕژێم کرد و بەغدای بەجێهێشت و ڕووی کردەوە ناوچەی بارزان[٤٥] و لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ شۆڕش دەستی پێکرد بۆ ماوەی سێزدە ساڵ و نیو بەردەوامی هەبوو و تاکو ١٩٧٥/٣/١٩([٤٦]).

شۆڕشی ئەیلوول زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە، بەهۆی ئەو شەڕفرۆشتنەی کە لەلایەن ڕژێمی قاسم بەرامبەر کورد هاتبووە ئاراوە. لەنێویشیاندا گوندی سکتان و خەباتگێرانی، وەک چۆن ڕۆڵیان بینی لە شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨دا، ئەوا لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا دەستەوەستان نەوەستان و کەوتنە ئامادەسازی و جموجۆڵ و هاوکاریکردنی شۆڕشگێڕان، بۆ ئەو مەبەستەش چەند کەسایەتییەکی گوندی (سکتان)، بە چەکەکانی خۆیانەوە، لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندییان کرد بە شۆڕشی ئەیلوول کرد و تاوەکو نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوون، ئەو کەسایەتییانەی کە پەیوەندیان کردبوو بە شۆڕشەوە ئەمانە بوون[٤٧]: حەمەد ئیبراهیم ئەبوبەکر[٤٨]، کە لە سەرەتادا

---

([٤٥]) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕسی ئەیلوول، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٧، ل٢٦.

([٤٦]) نجم الدین یوسفی، شۆرەشا ئەیلوولێ دیتن و بۆچوون، و:مصلح حمزة، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، ٢٠١٦، ل١٤.

([٤٧]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مام حاجی وەسمان، لەبەرواری ٢٠٢٣/٢/١٧ لە سکتان.

([٤٨]) لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٧ی گوندی سکتانە.

پەیوەندی کرد بە (محمود کاوانی)[٤٩] لە گوندی ئاقوبان، قادر حەمەدەمین ئەحمەد[٥٠]، قادر حاجی ئەحمەد[٥١]، عەبدوڵڵا ئەحمەد[٥٢]، حەمەد حاجی فەقێ[٥٣].

ئەو کەسایەتییانە گشتییان پەیوەندیان کرد بە حەمید کاوانی لە هێزی سەفین کرد و بەشداری زۆربەی شەڕەکانیان کرد، وەک: شەڕی دەربەندی گۆمەسپان، شەڕی حەسەن بەگ و شەڕی سەفین. وە ئەوەی لەیاد مابێت سەر لقەکەیان مستەفا حاجی ئەمین بوو کە پێیان دەگووت (مستۆی حاجی ئەمینی)[٥٤].

هەروەها شەوکەت مەلا ئیسماعیل حەسەن بەڕێوەبەری گشتی بێتەلەکان و جفرەسازی شۆڕشی ئەیلوول لە کتێبی (رۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥) دەڵێت: ڕۆژی پێنجشەممە ٢٣ی ئابی ١٩٦٢ بە چیای (هەورێ)دا ڕۆیشتن بو گوندی (کونەفلوسە) و (کاموسک) بەرامبەر چیای (گێژباژێر)، بارەگای بێتەلی ئاراسمان گواستەوە بۆ ناو شیو و دۆڵێک لەسەروو شارۆچکەی (هیران)ەوە کە پشتی داوە بەچیای (سەفین)ەوە[٥٥]. کە ئەم ناوچانە سەر بە ناحیەی (سکتان)ن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو ناوچەیە لە خزمەت شۆڕشگێران و خزمەتکردن بە شۆڕش بووە بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەم هەڕەشەی دەرەکی و چەسپاندنی یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلی کورد بووە.

---

([٤٩]) حامد مستەفا وسو ناسراو بە (حەمید کاوانی( ١٠)، ساڵی ١٩١٧ لە گوندی (کاوانیان( ١٠)ی سەربە قەزای شەقڵاوە لەدایکبووە، لە دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە پارتی کردووە، لە (دەستە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئەیلوول( ١٠) بووە، لە ١٩٦٢/٢/٢٠ لە شەڕێکی بەرگرییدا لە ڕێگای سلێمانی-چوارتا، گیانی لەدەستدا.

([٥٠]) لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩ ی گوندی (سکتان( ١٠)ە.

([٥١]) لەدایکبووی ساڵی ١٩٣١ ی گوندی (سکتان( ١٠)ە. ناسراوە بە قادر بەگ.

([٥٢]) لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٢ە، ی گوندی (سکتان( ١٠)ە. ناسراوە بە عبداللەی وەستا ئەحمەدی.

([٥٣]) ناسراو بووە بە حەمەدە سۆر.

([٥٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەدئەمین حەمەد تەها لە بەرواری ٢٠٢٣/٢/١٧ لە سکتان.

([٥٥]) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، س.پ ، ل١٢٣.

**٣. سکتان له قۆناغی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠:**

دوای ئەوەی لە ٢١ ی ئەیلولی ١٩٦١ەوە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا، دوای هەشت ساڵ شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، حکومەتی عێراق بەو هەموو توانا عەسکەری و ئابوورییەی خۆیەوە، نەیتوانی لە ئاست بەرگری و شەڕی فیداکارانەی هێزی پێشمەرگە خۆی رابگرێت، بۆیە بەناچاری پەنای هێنایە بەرگفتوگۆ[٥٦].

لە دوا گفتوگۆدا، دوای کۆمەڵێک گفتوگۆی بێ ئەنجام، لەدوایین جاردا، وەفدی حکومەت بە سەرۆکایەتی سەددام حوسێن بوو، کە ئەو کاتە جێگری سەرۆککۆمار بوو، لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ مستەفا بارزانی و سەددام حوسێن لە قوتابخانەی ناوپردان ڕێککەوتننامەکەیان ئیمزا کرد. ئەمەش بوو بە دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە بۆ میللەتی کورد، کە حوکمی زاتی درا بە کوردستان.

ڕێککەوتننامەی (١١)ی مارتی ١٩٧٠، لە پازدە خاڵ پێکهاتبوو، کە گرنگترینیان زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی ڕەسمی لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانی کوردن، کورد هاوبەشی دەکات لە هەموو ئاستەکانی دەسەڵاتدا بە وەزارەت و پلە بەرزەکانی سوپاشەوە، یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆمار کورد دەبێت، فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان کورد دەبن. گەلی کورد مافی دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراسی و پیشەییە تایبەتیەکانی خۆی دەبێت، وەک قوتابیان و لاوان و ئافرەتان...هتد [٥٧]، بەمەش دەرچوونی ئەو بەیانە بووە مایەی دڵخۆشی بۆ هەموو گەلی کورد بەهۆی بەدەستهێنانی ئەو مافە ڕەوایانە بۆ گەلی کورد.

لە نێو گوندی سکتاندا بووە مایەی دڵخۆشیەکی یەکجار زۆر و بێ وێنە بەهۆی ئەوەی خەباتگێڕان و نیشتیمانپەروەرانی سکتان هەمیشە لەهەوڵ و کۆشش دابوون بۆ دەستخستنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و خەباتیان لە پێناودا کردووە. بەمەش دوای بیستنی ئەم بەیانە چەتری دڵخۆشی سەرتاپای دانیشتوانی سکتان و خەباتگێڕانی داپۆشی

---

(٥٦) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لەساڵی١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی کاروان، ٢٠٠٩، ل٤١.

(٥٧) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، س.پ، ل٤٢ – ٤٣ .

و لەپای ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانە بۆ بەدەستهێنانی ماف و داواکارییەکانیان کە گرینگترینیان زمانی کوردی بکرێت بە زمانی ڕەسمی کە ئەوەش دڵخۆشیەکی یەکجار زۆری بۆ خەڵکی سکتان هێنا و هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراسیەکان و بەشداریکردنیان تیایاندا، کە ئەم ڕێکخراوانە بە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی عێراق دادەنرێت[٥٨].

## ٤. سکتان لە قۆناغی دوای نسکۆی شۆڕش تا ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١:

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، حکوومەتی بەعس کەوتە گیانی نیشتمانپەروەران و جێبەجێکردنی سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی لەکوردستاندا، وەک (بەعەرەبکردن، بەبەعسکردن، ڕاگواستن، ئۆردووگای زۆرەملێ، بێکاری و برسییکردن و تۆقاندن)[٥٩]. کە بەگوێرەی بڵاوکراوەی حزبی شیوعی عێراق لەساڵی ١٩٧٤ تاکو ١٩٧٩ نزیکەی (١٢٢٢) گوند لەدانیشتوانیان چۆلکرا، کە دەکەونە پارێزگاکانی دیالە و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و موسڵ. زۆربەی ئەو گوندانەش سووتێنران، یان بە بلدۆزەر و شۆڤەڵ و تانک تەختکران[٦٠]. گوندی سکتانیش لەو ماوەیەدا دووجار بەر ئەو شاڵاوە کەوتووە و لە ١٩٧٤ نزیکەی (٨٠) ماڵ ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون بەهۆی ڕژێمی بەعسەوە. هەروەها بەشێکی تر لە خەڵکەکەی ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەری گوندەکە بوون و بەشێکیان ڕوویان لە ناوچە شاخاوییەکان کرد و چوونە نێو ئەشکەوتەکان مانەوە بۆ نموونە زۆرینەی دانیشتوانی سکتان ڕوویان لە ئەشکەوتی سەرووکانی کرد بۆ خۆحەشاردان لە ڕژێمی بەعس کە بە لانکەی خەباتی کوردایەتی دانراوە و نەخۆشخانەیەکی گەورەیان تیایدا دامەزراندووە کە سەر بەشۆڕشی شاخ بووە و بۆ تیماری بریندارانی شۆڕش و

---

([٥٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله ڕەسول ئەحمەد، لە بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٣ لە هەولێر.

([٥٩]) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، س.پ، ل٥٧ – ٥٨ .

([٦٠]) حەسەنی دانیشفەڕ، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، و:بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٣، ل٤٩١.

چارەسەرکردنیان،بەمەش خەباتگێرانی گوندی سکتان هەر بەردەوام بوون لە شۆڕش و لە خەباتی خۆیان نەکەوتن[٦١].

لەو بارودۆخە پڕ ترس و تۆقاندنانەدا، شۆڕشگێڕانی کوردستان لە خەبات نەکەوتن، کەوتنەوە خۆسازدان بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی رزگاریخوازی. هەر لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ەوە سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پاشانیش لە یەکی حوزەیرانی ١٩٧٥ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەردوو حزبەکە کەوتنە خۆ سازدان بەو شێوەیە هەمووی چەند مانگێکی نەخایاند بەسەر نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا نیشتمانپەروەرانی کوردستان قۆناغێکی نوێیان لەبزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دەست پێکردەوە[٦٢]. بە کورتی شەوی ٢٤-١٩٧٦/٥/٢٥ یەکەم شەوی چەخماخەی ڕاپەرین و شۆڕشی نوێی ١٩٧٦ بوو، کە مەترسی هەموو لایەکی تەنیبووەوە[٦٣].

ئەوەی جێگای بایەخ و دڵخۆشی بوو، ئەوەبوو کە هەستی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی نیشتیمان کاڵ نەبووەوە، بگرە زیاتر لە قۆناغەکانی پێشووتر بڵێسەی گرتبو سەندبوو، خەباتگێرانی گوندی (سکتان)یش لەو ماوەیەدا هەر بەردەوام بوون لە لە جۆشدانی شۆڕش و شۆڕشگێڕان، سەرجەم دانیشتووانی گوندەکە بە هەموو شێوەیەک لە هاوکاری کردنی شۆڕشگێران بەردەوامبوون، لەسەر ئەرک و توانای خۆیان و تەنانەت بەچەکەکانی خۆیانەوە پاڵپشتبوون بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردی لەو ماوەیەدا، کە چەند پێشمەرگەیەکیش تیایدا بەشداربوون، کە ئەوانیش: ئیبراهیم ئەحمەد[٦٤]، حوسێن قادر ئەحمەد، حوسێن خدر حاجی[٦٥]، قەرەنی خدر ئەحمەد بوون، کە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردووە و بەردەوام بوون لە درێژەپێدانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردی، وە بوونە پاڵپشتیەکی بەهێزی خەباتگێڕانی

---

(٦١) چاوپێکەوتن لەگەڵ قادری سۆفی ساڵح، لەبەرواری ٢٠٢٣/٢/١٧ لە سکتان.

(٦٢) کەوسەر عەزیز گەلالی، س.پ، ل٥٩.

(٦٣) مەلا شێمحەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦چۆن دەستی پێکرد؟!، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٣ ، ل٢٦.

(٦٤) ناسراوە بە مام برایم، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠یە.

(٦٥) ناسراوە بە حوسێن سکتانی، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٠یە.

گەلی کورد دژ بەهەموو ئەو زوڵم و ستەم و ناڕەواییەی کە دووچارییان بووەتەوە و هیچ هێز و سیستەمێک وای نەکردووە کەوا خەباتی ڕزگاری گەلی کورد کاڵ ببێتەوە لە ڕۆحی نیشتیمانپەروەراندا [٦٦].

دوای هەشت ساڵ لە جەنگی نێوان عێراق – ئێراندا حکومەتی بەعس کەوتە گیانی خاکی کوردستان و گەلی کورد کە یەکێک لە ڕەفتارە هەرە خراپەکان پرۆسەی هێرشەکانی ئەنفال بوو کە بە چەند قۆناغێک تێپەڕی و زۆربەی گوند و ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و لەنێویاندا گوندی سکتانیشی گرتەوە کە لە چوارچێوەی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت کە ناوچەکانی ڕەواندز و شەقڵاوەی گرتەوە لە ١٩٨٨/٥/٢٤ – ١٩٨٨/٨/٣١[٦٧].

بەمەش گوندی سکتان وەک زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بێ بەش نەبوو و لەم قۆناغەدا دووچاری شاڵاوی ئەنفال بۆوە لەلایەن حیزبی بەعسەوە وێرانکرا، بە پێی ئەو پیلانەی دیاری کرابوو لە دەستەی ئەرکانی سووپای عێراق بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی تاوانباری گەورە حوسێن محەمەد ڕەشید تکریتی[٦٨]. بەسەر میحوەری(شەقڵاوە – هیران – سکتان)[٦٩]، بەمەش گوندەکە دووچاری وێرانیەکی زۆر بۆوە و هەرچی خانوو و مزگەوت و باغ و باغات هەبوو تووشی لەناچوون هاتەوە و سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە ناچاربوون بەچۆڵکردنی و دووبارە تووشی ئاوارەیی بوونەوە و بەشێک لە خەڵکەکەی ڕوویان لە ناوچە شاخاوییەکان کرد بۆ ڕزگاربوون لەڕژێمی بەعس و هێرشەکانی بەمەش دووبارە ڕوویان لە ئەشکەوتی سەرووکانی کردووە و کە ئەو ئەشکەوتە وەک پەناگەیەک وابووە بۆیان بۆ خۆحەشاردان لە ڕژێمی بەعس[٧٠]. هەروەها بەشەکەی تری خەڵکەکەی

---

(٦٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مام حەمەدئەمین خدری دێوانە، لە بەرواری ٢٠٢٣/٢/٢٥ لە سکتان.

(٦٧) ستارە عارف، ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،٢٠١٢ ، ل١٩.

(٦٨) حوسێن ڕەشید محەمەد: جێگری سەرۆک ئەرکانی سوپای عیراق بووە لە کاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەشداری هەموو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە پلاندانان بۆ شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە یەکێک لە پلاندارێژەرانی شاڵاوەکانە و لێپرسراوی دابینکردنی کەرستەی جەنگی بووە بۆ ئەو یەکانەی لە کوردستان بوون. کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩ل٨٩.

(٦٩) زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال، ب١، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠، ل٧٢-٧٣.

(٧٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مام سێمان بابەکر، لەبەرواری ٢٠٢٣/٢/٢٥ لە سکتان.

ڕوویان لە گوندی بێتواتە کرد، بەهۆی نزیکی گوندەکە لێیانەوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی لەوکاتەدا میری خۆشناوان لەویَ نیشتەجێبوو و پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ حکومەتی بەعس بەمەش بوو بووە پەناگەیەکی باش بۆ خەڵکی سکتان، وە ئەوەی جێگای دڵخۆشیبوو ئەوەبوو کە خۆشبەختانە هیچ کوژراو و بریندارێکی لێنەکەوتەوە لە گوندەکە[٧١].

**٥. سکتان لە بەهاری ١٩٩١ تا بوونی بە ناحیە:**

لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆرداریی ڕژێم بەرامبەر بە گەلانی عێراق بەگشتی و بەتایبەت بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، لەناوخۆی عێراق بەکاریهێنا و وابەستەبوونی رژێم بە جەنگی (٨) ساڵ لەگەڵ ئێران و هێرشکردنە سەر کوێتی دراوسیَ، لە بەرەبەیانی ١٩٩٠/٨/٢ کە لەسەرەڕۆییەکی دیکەدا سوپای عێراق لە چەند سەعاتێکدا کوێتی داگیرکرد، داگیرکردنی کوێت وەکو دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراق پێیان وابوو وا دەرنەچوو، بەڵکو بە پێچەوانەی بیروڕاکانی وان دەرچوو، ڕژێم لە کوێت دەستی کرد بەکاولکردن و وێرانکردنی ئەو وڵاتە بەڵام لە ماوەی چەند مانگێکدا هاوپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا پێکهێنرا لە هێرشێکی فراواندا سوپای عێراق لە کوێت وەدەرنرا[٧٢]، دوای پەیدابوونی ئەو بۆشاییە سیاسیە لەعێراقدا ڕێگای خۆشکرد بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە بۆ ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە زۆردارییەی حیزبی بەعس کە ئەمە بووە مایەی ئەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری سەرهەڵبدات، هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕاپەرین دەگەڕێنەوە بۆسەر هێزی پێشمەرگە و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی[٧٣]، بەمەش سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بەهاری ١٩٩١یان بەدەرفەتێکی زۆرباش دانا بۆ نوێبوونەوەی دەسەڵات و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتە ستەمکارییەکە بۆیە سەرجەم ناوچەکان بەشداربوون لە ڕاوەدوونانی حیزبی بەعس لە ناوچەکانیان و ئازادکردنیان، بەتایبەتریش گوندی سکتان بەو پێیەی لەو ساڵەدا سکتان

---

(٧١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مام عومەری عەوڵای خارندی، لە بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە سکتان.

(٧٢) کەوسەر عەزیز گەلالی، س.پ، ل١١١.

(٧٣) عبدالرزاق مەرزنگ، ڕاپەرین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی،٢٠٠٤، ل١١.

وێران کرابوو بەتایبەت ڕەبایەکان کە هەر چیا و گردێکی ئەم سنووورە ڕەبایەیەکی بەعسی لێبوو، لەوکاتەدا ئەو خەڵکەی کە لە گوندی بێتواتە و دەوروبەری سکتان بوون هەموویان بە هاوکاری پێشمەرگە لە ١٩٩١/٣/٧ بەلێشاو هاتنەوە نێو گوندی سکتان و هەموو ڕەبیەکانیان یەک لەدوای یەک بە زنجیرە ئازادکرد. حیزبی بەعس لەم ناوچەیە کۆتایی پێهات. هەروەها خەڵکێکی بێ شوماری گوندی سکتان بەشداریان کردبوو لە ئازادکردنی شارەکانی کۆیە و هەولێر و تاکو شاری کەرکوکیش لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی چیای هەیبەت سوڵتان (٣) کوژراوو چەند برینداریکی لێکەوتەوە[٧٤]. کە یەکێک لە کوژراوەکان بەناوی شەهید بەهرام کە ناسراوە بە (بەهرام ڕەسول خۆشناو)، فەرماندەی هەیبەت سوڵتان بوو لە لەشکری کۆیە و خەڵکی گوندی سکتان بوو لە شەڕەدا کوژرا[٧٥].

جێگەی باسە ڕزگارکردنی شاری کەرکووک زۆری نەخایاند و پاش ماوەیەک حکوومەت بە چەک و چۆڵی زۆر و هێزێکی دڕندەوە و بە یارمەتی ڕێکخراوی موجاهیدین هێرشی کردەوە سەر کەرکووک و داگیری کرد[٧٦]. لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣٠، لە دوایدا ڕژێم لە ٣١ ئاداری١٩٩١ هەولێری داگیرکردەوەو لە (٣)ی نیساندا سلێمانی داگیرکردەوە، لەوکاتەشدا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کۆڕەو دەستیپێکرد[٧٧].

دووبارە گەلی کورد دووچاری ئاوارەبوون تێکچوونی ماڵ بوونەوە، لەو کاتەشدا سەرجەم دانیشتوانی گوندی سکتان بەناچاری ئاوارە و دەربەدەربوون بۆ وڵاتی ئێران و گوندەکانی سنووری وڵاتەکە، لەبارودۆخێکی یەکجار خراپ و نالەبار دابوون، برسیەتی و قاتوقوڕی ڕووی تێکردبوون، بەجۆرێک تا وایلێهاتبوو کە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ بەبێ خواردن بمێننەوە و تەنانەت هیچ شتێکیان دەست نەدەکەوت بیدەن بە منداڵەکانیان، کە بە کاتێکی یەکجار سەخت و دژوار گوزەریان دەکرد[٧٨]، دوای کۆچی ملیۆنی خەڵکی کوردستان لە بەهاری١٩٩١ڕژێمی بەعس بە هێزی زۆر و چەکی جۆراوجۆرەوە هێرشی

---

([٧٤]) عبدالرزاق مەرزنگ، س.پ، ل١١٥.

([٧٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد ئیبراهیم، لەبەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە سکتان.

([٧٦]) وێبسایتی ئینتەرنێت، https://zaniary.com/blog/60622ebb5666d

([٧٧]) کەوسەر عەزیز گەلاڵی،س.پ،ل١١٤.

([٧٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی، لەبەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە سکتان.

کردە سەر کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە دەربەندی کۆڕێ  توانیان بەرەنگاری هێزەکانی ڕژێمی بەعس ببنەوە و لە ئەنجامدا داستانی کۆڕێ تۆمارکرا،کە یەکێکە لە سەرکەوتنە مێژووییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر بە حکوومەتی ئەوکاتی عێراق(٧٩).

دوای بیستنی هەواڵی سەرکەوتنی پێشمەرگەی کوردستان لە داستانی کۆڕێ، خەڵکی سکتان گەڕانەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان و دەستیانکرد بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکەو هەرکەسەو لەسەر کاولەخانووی خۆی دەستیکرد بە دروستکردنەوەی خانوو و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە وە ئەوەشی کە کەڵکی هیچی نەمابوو لەدەوروبەری گوندەکە دووبارە خانووی بۆخۆی دروستکردەوەو گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و دەستیان بە ئاوەدانکردنەوە کرد(٨٠).

دوای ئەوەی لە ساڵی١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین لەگەڵ دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٦٨٨(٨١) بۆ کوردەکان حکومەتی کوردی دامەزرا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرا و هەردوو هێزی یەکەمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون، دەسەڵاتەکانیان دابەشکرد. لە دوای کشانەوەی هێزەکانی بەعس لە کوردستان لە ١٩٩١  حکومەتی بەغداد گەمارۆی ئابووری خستە سەر کوردستان و برسێتی بەدوای خۆیدا هێنا (٨٢).

ساڵی ١٩٩٤ شەڕی نێوخۆیی هەڵگیرسا لەنێوان هەردوو پارتەکە و گوندی سکتانیش بەهۆی ئەوەی سنووری جوگرافیەکەی کەوتۆتە نێوان هەردوو لایەنەکە، خەڵکەکەی دابەشبووبوون بۆ دووبەرەی دژبەیەکدی، بەشێکیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بەشەکەی تریشی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون. ئەو ڕۆژگارە

---

(٧٩) وێبسایتی ئینتەرنێت، https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=120800

(٨٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر سکتانی،لەبەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە سکتان.

(٨١) کەوسەر عەزیز گەلاڵی،س.پ، ل١١٧.

(٨٢) وێب سایتی ئینتەرنێت، https://zaniary.com/blog/60622ebb5666d

ناخۆشترین و کارەساتبارترین ڕۆژەکانی ئەو گوندەبوو بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی گوندەکە بەکاتێکی سەختدا تێپەڕدەبوون و هەر ڕۆژەو ماڵی یەکێک وێران دەکرا و بووە هۆی ئەوەی چەند کوژراوو بریندارێکی لێبکەوێتەوە، لە کەسانی حیزبی و بێلایەنیشەوە. بەم شێوەیە شەڕو ئاڵۆزی بەردەوامبوو تا دواجار شەڕ وەستا لەساڵی ١٩٩٨ لە نێوان هەردوو پارتەکە[٨٣].

دوای شەڕی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، گوندی سکتان بەردەوام لە گەشەکردن و بووژانەوە دابوو، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ وە سنووری فراوانتر بوو بەمەش بڕیاری بوون بە ناحیەبوونی لێدرا، بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران، وە لە ڕووی سیاسیشەوە هەر سەربە ئیدارەی سلێمانی بوو، بەڵام وەک گوتمان بە پێی شوێنی جوگرافی گوندەکە کە کەوتبووە نێوان  ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بارەگای هەردوو حیزبی تێدا بوو وەک کۆمیتەی چواری سکتان کە (ئیسماعیل حەمەد ئەمین سکتانی) لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ناحیەی سکتان کەسەر بە مەڵبەندی کۆیە بوو، هەروەها ڕێکخراوێکی پارتی کە سەر بە ناوچەی هیران بوو بەرپرسی ڕێکخراوەکە (مستەفا حەمەد مستەفا) بوو[٨٤].

---

(٨٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمەد ئەمین فەقێ عزیز، لەبەرواری ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە کۆیە.

(٨٤) هەمان سەرچاوە.

**تەوەرەی سێیەم/**

## دەربارەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئابووری گوندی سکتان

**باسی یەکەم.لایەنی کۆمەڵایەتی گوندی سکتان:**

**١. پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی سکتان**

سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانی گوندی سکتان، لەڕووی نەتەوەوە، هەر لە کۆنەوە کوردی تێدا نیشتەجێیە، جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی دیکەی لێ نەژیاوە. وە کاتێک گوندەکە وێران کرا، دووبارە بوژاوەتەوە، هیچ گەل و نەتەوەیەک ڕووی تێنەکردووە. جگە لەو خەڵکەی خۆی نەبێت کە پێشتر تێیدا ژیاوە و ژیانی بردووەتە سەر. سەبارەت بەو هۆز و تیرانەی کە لە گوندی سکتان هەن، تەنها هۆزی خۆشناون و لە بەرەبابی (میروسوو-یوسف)ن، وە لەڕووی ئایینیەوەش، دانیشتووانی گوندی سکتان، سەرجەمیان موسڵمانن و سوننە مەزهەبن. وە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانیشەوە، سکتان لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، تەنها لە دوو گەڕەک پێکهاتبوو، ئەوانیش هەریەکە (بەری گەورە) و (بەری گچکە-بچووک) بوون، لە ساڵی ١٩٧٢ بەدواوە، نزیکەی (٨٥-٩٠) ماڵی تێدابووە و بە (گەورە دێ یاخود میرەدێ) ناسراو بووە. بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر ماڵی تێدابووە و ژمارەیان زۆربووە بۆیە ئەو ناوەیان بەسەردابراوە[٨٥].

ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە بەردەوام لەبەرزبوونەوە دابووە بەشێوەیەک لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی بیست ژمارەیان نزیکەی (٥٧٥) کەس بووە[٨٦]. ئەمەش بەهۆی ئەوەی گوندەکە خاوەن خاکێکی بەپیت و بەرەکەت بووە و سەرچاوەی ئاویشی هەبووە. هەروەها کەشوهەوایەکی لەباری هەبووە، بۆ کاری چاندن و ڕەزوباغداری، بەهۆی ئەوەی

---

([٨٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر حەمەد لە ٢٠٢٢/١١/٢٧ لە شارەدێی سکتان.

([٨٦]) عبدالله غفور، گوندەکانی باشووری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا ١٩٤٧-١٩٧٧، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٠٧.

ئاووهەواش کاریگەری هەیە کاربکاتە سەر دابەشبوونی دانیشتوان، چونکە پەیوەندەی بەهێزی بە ژیان و ژینگەی ئادەمیزادەوە هەیە، کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر دانیشتوان دوو سەرەیە، لەسەرێکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری چالاکییەکان و شێوازی ژیانی و ئەو توانایە دا هەیە، کە ئادەمیزاد دەیخاتە گەڕ، بۆ دەستبەسەرداگرتن و وەبەرهێنانی سامانەکان، لەسەرێکی تریشەوە کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر دانیشتوان هەیە، لە ڕێگای کارتێکردنی لەسەر خاک و ڕووەکی سروشتی. بەمەش سکتان هەر لە فراوانبوون دابووە بەهۆی گونجاوی ئاووهەوا و بوونی خاکێکی بەپیت بۆ کاری چاندن و ڕەز و باغداری. بەشێوەیەک پێش ساڵی ١٩٨٨ و بۆردومان و ئەنفالی گوندەکە نزیکەی (٢٠٠) ماڵی لێبووە[٨٧].

بەڵام دوای ئەوەی کە گوندی سکتان چەندین جار لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وێران کراوە، سوتێنراوە، بۆیە کاریگەری کردۆتە سەر ڕێژەی دانیشتوان و دوای وێرانکردنی هیچ کەسێکی تێدا نەماوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئاماری ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بکەین، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هیچی دیکە نەڕوخاوە و وێران نەکراوە. کە دوای ڕاپەڕین بۆ کۆتا جار خەڵکەکەی چونەتەوە شوێنی خۆیان، کە دووبارە بوژاوەتەوە و بەرە بەرە ژمارەی دانیشتووانی ڕوو لە زیادی کردووە و گوندەکەش گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە.

### ٢. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆنە ئاینییەکان لە گوندی سکتان:

دانیشتوانی گوندی سکتان هەر لەساڵانی زووەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتەو کۆیکردونەتەوە، کە زیاتر لەسەر بنەمای ژن و ژنخوازی و یارمەتیدانی یەکتری چەسپاوە، بەشێک لەو دابونەریتانەش بریتین لە:

#### أ. پرۆسەی هاوسەرگیری:

سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری و ژن و ژنخوازی لە گوندی سکتاندا هەر لەکۆنەوە (ژن بە ژنە) هەبووە، بەشێوەیەک تا ساڵانی پێش ٢٠٠٥، هیچ پرۆسەیەکی

---

([٨٧]) هۆشیار عبدالله، س.پ، ل٥٠٥.

هاوسەرگیری نەبووە، تەنها بە (ژن بە ژنە) نەبێت، بەڵام دوای ئەو ساڵە بەرە بەرە بەرەو کاڵبوونەوە چووە، بەڵام لەنێو بەشێک لە بنەماڵەکاندا هەر ماوە. زیاتر ژن و ژنخوازی لە ناوخۆدا کراوە، لەوەی لەگەڵ دەرەوەی گوند بکرێت، تەنانەت لە نێو هەردوو بنەماڵەی (سەیدان و چۆڵپەرست)، زۆر بە دەگمەن ژن و ژنخوازی لەگەڵ بنەماڵەی تر دەکەن،زیاتر کچەکانیان هەر دەدەنەوە بە نزیکەکانی خۆیان بەهۆی ئەوەی ئەو بنەماڵانە زیاتر کاری بەخێوکردنی ئاژەڵ و گەرمیان و کوێستان دەکەن، بۆیە نایانەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ دەرەوە بکەن و ژمارەیان کەم ببێتەوە. بەڵام بەشێکی تری خەڵکەکەی ژن بە ژنە لەگەڵ گوندەکانی تریش دەکەن، کە ئەوانیش زیاتر بریتین لە گوندەکانی (چیوە، سەردۆر، کۆلکەڕەش، کۆدەرە). وە نازەنینیش بە ڕێژەیەکی کەمتر بەشدارە تیایدا، وەلەگەڵ ناوچەکانی بیتوێن (ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجیاوە)ش بە ڕێژەیەکی بەرچاوە بەهۆی لێک نزیکی و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ یەکدی[٨٨].

**ب.هەرەوەزی:**

یەکێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باو و دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەگشتی و سکتان بە تایبەتی، بریتیە لە کاری (هەرەوەزی یان زبارە). کە بەو کارانە دەگوترێت کە بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، لەکۆنەوە بۆتە باو لە نێو کۆمەڵگای کوردی هەر کارێک گران و سەنگین بێت، گروپێک لە دەوری کۆ دەبنەوە، بە پڕایی و بە یەکەوە شان و قۆڵی بۆ ڕادەخەن، بە باشترین شێوە ئەنجامی دەدەن، لەناوچەی خۆشناوەتی لەشوێنی وشەی هەرەوەز، زیاتر (زبارە) بەکاردێت، چونکە زبارە زیاتر بۆ زبارە دار بەکاردێ، لەبەر ئەوەی دەڤەری خۆشناوەتی زیاتر داری لێیە، بە بەراورد بە دەغڵودان، بەڵام لە زمانی کوردی هەردوو وشە یەک واتای هەیە کە بەمانای کاری بەکۆمەڵ دێت. ئەگەر کەسێک لە سکتان ویستبای خانوو دروست بکات یان باخچە و ڕەز خاوێن بکاتەوە، یان هەرکارێکی تر بکات، زۆربەی خەڵکی گوندی سکتان دەچوون بۆ یارمەتیدانی. هەر لە سەرەتادا بە دڵخۆشی و کەیفەوە دەستیان پێدەکرد، وە لە کۆتاییەکەشدا بە هەمان شێوەی سەرەتا دەستیان هەڵدەگرت، جا هەندێک قسە هەبوو دەیانکرد وەکو هوتافکێشانێکی لێدەهات، بۆنموونە

---

(٨٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد فەقێ لە ٢٠٢٣/٣/٩ لە شاری هەولێر.

دەیان گووت: (هەر ئیشێکی گرانە بە هەرەوەزی ئاسانە). یان (هەر ئیشێک سەرەتا شێرە بەس لەدواییدا دەبێتە ڕێوی)، قسەیەکی کۆنیش هەیە دەڵێت (هیمەت و بازووی پیاوان کێو لەبن دێنێت)[٨٩].

**ج. دابونەریتی گوندی سکتان لە بۆنە ئایینیەکاندا:**

دابونەریتی گوندی سکتان، لەبۆنە ئایینیەکاندا و لەهەردوو جەژنی ڕەمەزان و قورباندا بە شێوەیەکی ئاساییە، وەک هەر ناوچەیەکی دی، ئەوەی هەیە لە جەژنی قورباندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر قوربانی دەکرێت، کە ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆربەیان ئاژەڵدارن و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵیان هەیە، سەبارەت بە پرسەی مردووانیش، هەر لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان، لە سکتاندا سێ ڕۆژ تا چوار ڕۆژیش پرسە بووە، وە بۆ هەڵکەندنی گۆڕیش زۆر بە دەگمەن ئامێرەکانی شۆفەڵ و حەفارە، بەکارهاتووە، بەهۆی ئەوەی هەم خۆیان ئەوەیان ویستووە ئەو کارە ئەنجام بدەن، وە هۆکارێکی تر ئەوە بووە گۆڕستانەکانی سکتان بە کەڵکی ئەوە نایەن کە بە ئامێر گۆڕ هەڵبکەنرێت، بەڵکو زۆربەی دانیشتوانی گوند بە یەکرا گۆڕیان ئامادە دەکرد، وە دوای ناشتنی مردووەکە وا باو بووە کە سەرجەم پیاوەکانی گوند لە مزگەوت کۆدەبوونەوە و دەمانەوە، وە لەکاتی نانی نیوەڕۆشدا هەر کەسەو لەماڵەوە نانی بۆ ئامادەدەکرا و لەلایەن خێزانەکەی یان منداڵەکانی بۆی دەهاتە مزگەوت، ئەویش لەوێ لەگەڵ میوانەکان و ئەوانەی لە دەرەوەی گوند هاتوونە بەیەکەوە نانیان دەخواد بەمەش هیچ بارگرانی و قورساییەکی نەدەخستە سەر ئەو ماڵەی کە خاوەن پرسەن و هەمووان خۆیان بە خاوەن پرسە دادەنا. هەر پرۆسەیەکی هاوسەرگیریش هەبایە و یەکێک مردبا یان دەبووایە دوایبخات یاخود دەبایە بەبێ دەنگی و بێ هیچ ئاهەنگێک بووکەکەی بردبا[٩٠].

---

(٨٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ جمال ئەحمەد٢٠٢٣/٣/١٠ لە شاری هەولێر.

(٩٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر حەمەد، ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

**باسی دووەم/ ژیانی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی گوندی سکتان:**

**١. مزگەوت و خوێندنی حوجرە:**

ئەوەی زانراوە حوجرەی فەقێیان لە گوندی سکتان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەهەم، لە کاتی فەرمانڕەوایی میری سۆران لە ناوچەکەدا. لە مێژووی میرانی میرنیشینی سۆران، خاتوونێک بەناوی (خانزاد خان) بۆتە میری سۆران، هەرچەندە تەمەنی میرایەتی خانزادی میری سۆران کەم بووە، بەڵام توانی خزمەتێکی باشی ئەو ناوچانە بکات، کە کەوتۆتە سنووری میرنشینی سۆران، زۆر لە گوندەکانی بەسەرکردۆتەوە، یەکێک لەو گوندانە گوندی سکتان بووە، مەبەستی سەرەکی سەردانەکەی، خزمەتکردن بووە دواتر پرس و ڕاوێژ بووە بە کەسایەتی و پیاوانی ئایینی بۆ باشترکردنی ئیدارەدانی حکومەتەکەی[٩١].

یەکێک لەو گوندانەی کە خانزادی سۆران سەردانی کردووە، گوندی سکتان بووە، چونکە ئەو کات مەلای باشی تێدابووە، هەروەها سکتان هاوسنووربووە لەگەڵ فەرمانرەوایانی (بابانیەکان)، جا خانزادی سۆران چەند یادگارییەکی لە سکتان جێهێشتووە، وەک دروستکردنی مزگەوتیک و چەند ژوورێک بۆ فەقێیانی مزگەوتی سکتان. هەروەها دیاریکردنی باخچەیەک بۆ مەلای گوند بە شێوەی (وەقف)، واتا هەر مەلایەک لە سکتان مەلایەتی بکات، دەتوانێت بۆخۆی خزمەتی ئەم باخچەیە بکات و بەروبوومەکەی بخوات، تا ئەو کاتەی مەلایەکی نوێ دێت بۆ گوندەکە، دیواری مزگەوتەکە بە گێچ و بەرد دروستکرابوو. سەبارەت بە مامۆستای مزگەوتی ئەو کاتی گوندی سکتان، ناوی نەزاندراوە کێ بووە، بەڵام بەپێی قسەی بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە دەڵێن ناوی مەلا بەکر بووە، ئەوانیش گوێیان لە باوک و باپیرانیان بووە، تا ئێستاش لە سکتان شوێنی تەدریسی هاوینانی ماوە پێی دەڵێن (بەردی مەلا بەکری)[٩٢].

گوندی سکتان، وەک زۆرێک لە دێهاتەکانی دیکەی کوردستان، بەدوور نەبووە لە حوجرەی فەقێیان و پێگەیاندنی مەلا و فەقێی باش. خاوەنی حوجرەی تایبەتی خۆی بووە، بەجۆرێک حوجرەی فەقێیان لەگوندی سکتان یەکێک بووە لە حوجرە ناودارەکانی سنووری خۆشناوەتی، مەلا و فەقێی زۆر باش و ناودار لە گوندەکانی تری کوردستان هاتوون بۆ

---

[٩١] چاوپێکەوتن لەگەڵ قادر حوسێن، ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

[٩٢] هەمان سەرچاوە.

خوێندن لە حوجرەی سکتان. کۆمەڵێک بەڵگە هەن بۆ هەبوونی مەلای باش و ناودار لە سکتان، باشترین بەڵگە ئەوەیە کە لە زاری مامۆستا مەلا خدر خۆیەوە، کە ئێستا مامۆستای ئایینی گوندی سکتانە دەڵێت: ڕۆژێکیان لە ساڵی ١٩٧٩ کە ئەو کات فەقێ بووم لە هەولێر، لە مزگەوتی شێخ مستەفای نەقشبەندی، کتێبی (فناری)م دەخوێند، لەگەڵ چەند فەقێیەکی دی، بە ناوی گشت فەقێیەکانی هەولێر و دەوروبەری چووین بۆ شاری بەغدا، پێش کارەکەمان وامان بەباش زانی بۆ پرس و ڕاوێژ بچین بۆ سەردانی شەرعناس و زانای ئایینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە حوجرەی مزگەوتی شێخ عبدالقادری گەیلانی. کە زیارەتمان کرد و خۆمان پێناساند، کارەکەی خۆمان پێ ڕاگەیاند، دواتر ئەویش باسی ڕۆڵی فەقێ و مامۆستایانی ئایینی و رۆڵی حوجرە لە کوردستان بۆ کردین، دواتر باسی حوجرە باشەکانی کرد لە دەڤەری خۆشناوەتی، فەرمووی لە خۆشناوەتی گەلێک حوجرەی باش هەن وەک حوجرەی بالیسان و هەرتەل و خەتێ و سکتان، کە ناوی سکتانی هێنا زۆر خۆشحاڵ بووم، گوتم قوربان من خەڵکی گوندی سکتانم، ئەویش باسی مامۆستا مەلا قادری سکتانی کرد گوتی: "زۆر زیرەک بوو، فەقێی خۆم بوو، من ئیجازەی مەلایەتم داوەتێ". ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە دەربارەی هەبوونی حوجرەی باش و زانا و مامۆستای ئایینی لە گوندی سکتان[٩٣].

**بەشێک لە زانا ئایینیەکانی گوندی سکتان:**

١. مامۆستا مەلا ئەحمەد سکتانی .
٢. مامۆستا مەلا ئەبوبەکر(مەلا بەکری زاهید).
٣. مامۆستا مەلا عبدالله خەلیفە.
٤. مامۆستا مەلا حوسێن خەلیفە.
٥. مامۆستا مەلا عبدالله (مەلا عبدالله میرمامەری).
٦. مامۆستا مەلا ئیسماعیل (مەلا ئیسماعیل ماوەیلی).
٧. مامۆستا مەلا عبدالله ١٨٩٦ – ١٩٤٥ (مەلا عبدالله سکتانی).
٨. مامۆستا مەلا قادر شێخ محمد١٩٢٧ – ٢٠١٧ (مەلا قادر گەلاڵی یان قازی گەلاڵە).
٩. مامۆستا مەلا ئەحمەد مەلا ڕەسول(مەلا ئەحمد قازی).
١٠. مامۆستا مەلا حوسێن سۆفی بکر (مەلا حوسێن سکتانی).

---

(٩٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا خدر حەمەد ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

١١. مامۆستا مەلا ئیبراهیم مەلا علی (مەلا ئیبراهیم کۆدەلەیی).
١٢. مامۆستا مەلا خدر حەمەد (مەلا خدر سکتانی)[٩٤]

**٢. خوێندنی فەرمی(قوتابخانە):**

لە بەر ئەوەی گوندی سکتان گوندێکی گەورەی ناوچەکە بووە، رێگای سەرەکی نێوان کۆیە و گوندەکانی دۆڵی خۆشناوەتی بووە، هەربۆیە لە ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠، بۆ یەکەمجار قوتابخانە لە سکتان کراوەتەوە، سەرەتا لە دیوەخانی (کوێخا حەسەن) پیاوی ناودار و بەدەسەڵاتی گوندی سکتان کرایەوە، یەکەم مامۆستا کە لەو قوتابخانەیە دەست بەکار بووە، ناوی مامۆستا عەلی مەلا زاهیر، خەڵکی کۆیە بووە. تاکو لە ساڵی ١٩٦٣ بینایەکی (سێ) پۆلی بۆ دروست کراوە. لە بەشی ڕۆژئاوای گوندەکە، کە بە (بەری گچکە) ناو دەبرێت، کە لەوکاتەدا، چەند مامۆستایەکی تریش لەو قوتابخانەیە دەست بەکار بوون، وەک: مامۆستا حەمەدئەمین، مامۆستا جەمال، مامۆستا عومەر، مامۆستا عبداللە، هەروەها مامۆستا مەلا حوسێنی سۆفی بەکر، کە ئەمەی کۆتایی خەڵکی سکتان بووە. لە ساڵی ١٩٦٧ بینایەکی دیکە، لەنێوان گەڕەکی ڕەوەندەکان و گوندی سکتان دروست دەکرێت، کە بینایەکی شەش پۆلی بووە و خوێندن تیایدا بەردەوام بووە، تاوەکو ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەروبەندی ئەنفال. لەو کاتەدا قوتابخانەش دادەخرێت و کەرەستەکانی دەگوازرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر. لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی١٩٩١، جارێکی دیکە خەڵکی گوندەکان ڕوو لە گوندەکان دەکەنەوە و ئاوەدانیان دەکەنەوە. سکتانیش وەک هەر یەکێک لەوان، خەڵکەکەی ڕوو دەکەنەوە گوندەکەیان و ئاوەدانی دەکەنەوە، بۆ جارێکی دیکە قوتابخانە لە سکتان دەکرێتەوە، لە ساڵی ١٩٩٤ سەرەتا لە خێمە و کابینەدا خوێندن بەردەوام بووە، بەهۆی ئەوەی گوندەکە دووچاری وێرانبوون بووەوە، بیناکانی تر ڕووخابوون، پاشان لە ساڵی ١٩٩٨ بینایەکی شەش پۆلی، لەلایەن ڕێکخراوی (هابیتات)[٩٥]ی خێرخوازی دروست کراوە، هەر لە شوێنی

---

(٩٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ دیاری خدر لە ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

(٩٥) هابیتات: یەکێکە لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆڤ، کار دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکە و شارەکان، لە بواری کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، بە ئامانجی دابینکردنی پێگەی پێویست بۆ هەمووان.

بینایە کۆنەکە، کە تا ئێستاش خوێندن تیایدا بەردەوامە. لەگەڵ فراوانبوون وگەورەبوونی سکتان و بوونی بە ناحیە، خوێندنی ئامادەییشی تێدا کرایەوە و دوو بینای تری بۆ دروست کرا، بۆخوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بۆ هەردوو ڕەگەزی کوڕان و کچان، بەڵام لە کاتی ئێستادا بوون بە دوو ئامادەیی سەربەخۆی کوڕان وکچان، کە هەریەکە لە پۆلی حەوت بۆ دوانزە لەخۆ دەگرن، کە خوێندکارانی سکتان و گوندەکانی دەوروبەری سودی لێ دەبینن. واتە بەشێوەیەکی گشتی خوێندن لە سکتان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە بەشێوەک کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەندان مامۆستا هەن وانە دەڵێنەوە و خزمەت دەکەن بەگەل و نیشتیمان [٩٦]

**باسی سێیەم. لایەنی ئابووری گوندی سکتان**

**١. کشتوکاڵکردن لە گوندی سکتان:**

لەڕووی کشتوکاڵییەوە، گوندی سکتان هەر لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم تاکو ساڵی ١٩٨٨، واتە پێش ئەوەی گوندەکە بەتەواوەتی وێران ببێت، بە گشتی لەسەر لایەنی کشتوکاڵی بەندبووە بە پلەی یەکەم. وە لەڕووی کشتوکاڵیشەوە، زیاتر ڕەز و باغات بووە، پاشان دانەوێڵە. ئەویش بەهۆی ئەوەی هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی سکتان، کە وا هەڵکەوتووە، زیاتر بۆ ڕەزوباغ دەشێت، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، تاکو نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەم (توتن) بەپلەی یەکەم دەهات، لەڕووی کشتوکاڵ و بازرگانییەوە، لە گوندی سکتان، سەرچاوەیەکی زۆر باشی بژێوی ژیانی دانیشتوان بوو لە سکتان، هەروەها سکتان خاوەنی ڕەز و باغاتێکی زۆرە، لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکان، وەک: ڕەزی ترێ بەتایبەت (ترێی تائیفی) کە جۆرێکی ترێیە، تامی لە هەمووان خۆشترە و خۆڕاگرترە، تا پاییزێکی درەنگیش دەمێنێتەوە، هەروەها ڕەزی هەنجیر کە ئەویش ڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەدی دەکرێت، لە گوندی سکتان بەشێوەیەک کە بە بەناوبانگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی گوندی سکتان دەناسێنرێت، کە گەلێکی لێیە، گەر بێتوو ١٠٠٠ داری لێبێت، ئەوا بەنزیکەیی ٧٥٠-٨٠٠، داریان هەنجیرن، بەجۆرێک کە هەنجیری زێوەیی زۆر لێیە، هەروەها هەناریش بە ڕێژەیەکی زۆر و بەرچاو دەبینرێت، لەگەڵ بەرهەمەکانی گوێز و

---

([٩٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئاکۆ قادر ٢٠٢٣/٣/٣٠ لە قەزای کۆیە.

گەراز و قەیسیشی لێیە. وە بۆ ڕنینەوەی بەرهەمەکان، زۆربەی کات بەهەرەوەزی دەکرا، لەنێوان دانیشتوانی گوندەکەدا و یارمەتی یەکتریان دەدا، بۆ ڕنینەوەی بەرهەمەکان. وە سەبارەت بەبەروبوومی دانەوێڵەش، وەک گوتمان بەشێوەیەکی کەم دەکرێت، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکە و سروشتێکی شاخاوی هەیە، ناتوانرێت بە ئاسانی بکێڵرێت، بۆ بەروبوومی دانەوێڵە، دانەوێڵە زیاتر لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست گرینگیەکی کەمی پێدرا، لە سکتان ئەویش دوای ئەوەی ئامێری نوێ و زیرەک پەیدا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی وا نەبووە، بەهۆی ئەوەی ئەو ئامێرە زیرەک و نوێیانەش هێندە بە کەڵکی هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکە نەدەهات(٩٧).

سەبارەت بە کاری ئاودێری لەسالانی کۆتایی سەدەی بیست تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢ پڕۆژەی جۆگای کۆنکریتی بە درێژایی ( ٢ – ٣) کم ڕاکێشرا بۆ کاری ئاودێری سوودێکی باشی هەبوو بۆ کشتوکاڵی.هەروەها بۆ کرداری زەوی کێڵانیش ئاژەڵیان بەکارهێناوە بەشێوەیەک تا نیوەی یەکەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو (گا)یان بەکارهێناوە ئەویش بەهۆی پتەوی جەستە و شاخەکانی، ئەوا هێزێکی زۆری هەیە بۆ ڕاکێشان و تێکشکاندن، بۆیە سوودێکی زۆری هەبووە، بەڵام لەوکاتە بەدواوە بەهۆی کەمی (گا) لە گوندەکەدا زیاتر گوێدرێژیان بەکارهێناوە هەروەها بەهۆی ئەوەی زەویەکان تەخت نەبوونە گوێدرێژ باشتر بووە بۆ ئەو ناوچانە(٩٨)

لە ڕووی کشتوکاڵیەوەش سکتان بەدەر نەبووە لە گیروگرفتە کشتوکاڵیەکان، کە ئەوانیش بریتیبوون لە:

- نەبوونی ئامێری کشتوکاڵی: یەکێک لە گرفتە هەرە دیارەکانی کشتوکاڵی لە سکتاندا نەبوونی ئامێر و کەلوپەلی پێویست بووە کە بۆ ڕنینەوەی بەرهەمەکان و کێڵانی زەوی بەکاربێت،بەجۆرێک کە ناچاربوونە بەهەرەوەزی بەرهەمەکانیان لێبکەنەوە کە ئەمەش کاتێکی زیاتری پێویست دەبێ.
- شوێنی جوگرافی: بەهۆی شاخاوی بوون و هەڵکەوتەی جوگرافیەکەیەوە گرفتێکی زۆری هەبووە بۆ لایەنی کشتوکاڵی کە ناتوانرێت بەئاسانی بکێڵرێت.

---

(٩٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز حەمەد ئەمین عەزیز ٢٠٢٣/٣/٣١ لە شاری هەولێر.

(٩٨) هەمان سەرچاوە.

- ویرانبوونی گوندەکە: تێکچوونی گوندەکە لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەروەها سەرجەم زەویەکان سوتێنران و بە شۆفەڵ تێکدران کە ئەمەش وایکرد کاریگەری بەسەر خاکەکەی بەجێ بهێڵێت[٩٩].

**٢. ئاژەڵداری لەگوندی سکتان:**

بنەمایەکی دیکەی بواری ئابووری بریتیە لە ئاژەڵداری، ئاژەڵداریش گرینگیەکی یەکجار زۆر و بەرچاوی هەیە لەبەرەو پێشبردنی بواری ئابووری،بەهۆی ئەوەی لەچەند ڕوویەکەوە سوودبەخشە هەر لە گۆشتەکەی و بەرهەمی سپیایی و بگرە پێستەکەشی بەشداری دەکەن لەکرداری بازرگانی. بەمەش دەتوانین بڵین کە گوندی سکتانیش بێبەش نەبووە لەو بنەما گرینگەی ئابووری و کاری ئاژەڵداریشیان کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر بە بنەماکانی تری ئابووری[١٠٠].

سەبارەت بە کاری ئاژەڵداری لەنێو سکتاندا زیاتر بنەماڵەی (چۆڵپەرست)[١٠١] ئەو کارە دەکەن، بەبەردەوامی لەسەر ئەو کارەی خۆیان بەردەوامن،تاوەکو ساڵانی شەستەکانیش مەڕ و (بزنە ڕەشکە)، کە جۆرێکی بزنە لە سکتان نەبووە، تەنها ئەوەی هەبووە بزنە مەرەز بووە، بەڵام لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیست بەدواوە ( مەڕ و بزنە ڕەشە و مانگا ) لە سکتاندا زۆرتر بووە و بایەخی پێدراوە، بنەماڵەی چۆڵپەرست لە سکتاندا کە بە کاری ئاژەڵداریەوە خەریکبوون گەرمیان و کوێستانیشیان دەکرد کە لە وەرزی هاویناندا دەچوونە ناوچەکانی وێڵزێ و دۆڵی باڵەکایەتی بە پەیداکردنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان تاوەکو ئێستاش کە چەن شوێنێکیان لەوێ بەکرێ گرتووە، وە لەوەرزی زستانیشدا دەگەڕانەوە بۆ گوندی سکتان و لەوێ دەمانەوە[١٠٢]

---

(٩٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ عبدالله ئەحمەد ٢٠٢٣/٣/٣١ لە شاری هەولێر.

(١٠٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد حەسەن ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

(١٠١) چۆڵپەرست: واتە کەسێک کە لە ئاوەدانیدا ناژی و چادرنیشینن و کۆچەرن. هەژار، هەنبانە بۆرینە، چ١، چاپخانەی سرووش، تاران، ١٣٦٩ش، ل٢١٣.

(١٠٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید تەها ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە شارەدێی سکتان.

**٣. کرداری بازرگانی لە گوندی سکتان:**

دوای ئەوەی لایەنەکانی تری ئابووری گەشەی کرد، ئاوا ڕاستەوخۆ کرداری بازرگانیش دەکەوێتە جوڵەوە، دوای ئەوەی بەرهەمەکان خواستی ناوەخۆیان پڕکردەوە، ئینجا پێویست دەکات کە بنێردرێتە دەرەوە و سوودی لێ ببینرێت. سکتانیش گرینگیەکی بەرچاوی هەبووە، لە کاری بازرگانی، بەهۆی ئەوەی کەوتبووە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان قەزای کۆیە و دۆڵی بالیسان. کە ڕێگایەکی تایبەتی هەبووە بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکان بە گوێدرێژ و ئەسپ کە تاوەکو ئێستا شوێنەواری ڕێگاکە ماوە،وە هەر کاروانچیەک کە بەوێ تێپەڕیبا لەوێ پشوویان دەدا و دەمانەوە تەنانەت زۆرجار شەوانە لە دیوەخانی (کێخوا حەسەن) دەمانەوە و لەوێ خزمەتێکی باشی کاروانچیەکانیان دەکرد[١٠٣].

زۆربەی ئەو بەرهەمانەشی کە لە سکتاندا بەکارهاتووە، بۆ کاری بازرگانی بریتی بووە لە: توتن، هەنجیر، هەنار، سرکە و ترێش کە بەشێکی لە ناو سندووق دەکەن، بۆ ئەوەی بیگوازنەوە بۆ بازاڕ و بەشێکی دیکەیشی لەسەر نایلۆنەکان هەڵ دەخەن و دەیکەن بە مێوژ و ئەویش بەشداریەکی باشی هەیە لە کرداری بازرگانی. لە سکتاندا زۆربەی جار بەرهەمەکان کۆدەکرانەوە و دەبرانە گوندەکانی دەشتی هەولێر و (قەراج و کەندیناوە)، لەوێ ساغ دەکرانەوە و بە گەنم و جۆ دەگۆڕدرانەوە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی دەشتی هەولێر گەنم و جۆ بووە، سکتانیش دانەوێڵەی کەمتر بووە [١٠٤]

**٤. پیشە دەستییەکانی دانیشتووانی گوندی سکتان:**

ڕۆژانی زوو، بەهۆی نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو، چەندین پیشەی دەستی بۆ دروستکردنی چەندین کاڵای جۆراوجۆر لە گوندی سکتان هەبوون، بەڵام ماوەی لە ئێستادا بەهۆی هاتنی کاڵای جۆراوجۆر لە وڵاتانی وەک چین و تورکیا و ئێران و وڵاتی تر، ئەو پیشانە بەرەو نەمان دەچن. گوندی سکتان لە ئافرەتی بەهرەمەند هیچی کەمتر نەبوو، لە

---

(١٠٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەزیز مستەفا ٢٠٢٣/٣١٣ لە شاری هەولێر .

(١٠٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر سکتانی ٢٠٢٣/٣/٣١ لە شاری هەولێر.

ناوچەکانی تر بگرە زۆر ئافرەتی تایبەت و بەهرەمەندی تێدابووە کە لەگشت بوارەکان شوێن دەستیان دیار بوو، بۆنموونەئافرەتێک هەبوو بەناوی (خەجیج) کچی کوێخا عەوڵای گوندی گردەشێر بوو چونکەکوێخا عەوڵا خۆی دەستێکی باڵای هەبوو لەبواری پزیشکی، بۆ چارەسەر سوودی لەگژوگیای شاخەکانی دەوروبەری خۆیان وەردەگرت، ناسراوبوو بە(خەجێ حاجی) ئەم شارەزای پزیشکیەی لەباوکی خۆی بۆ مابۆوە، لەم دەڤەرەلەکاتی خۆی ناوبانگی باشی دەرکردبوو وەخەلکێکی زۆری چارەسەر دەکرد[١٠٥].

لەگوندی سکتان چەندین ئافرەتی وەک خەجێ حاجی هەبوو، کەلەبواری پزیشکی شارەزابوو، وەک (پور فاتم) نازناوی پورە فاتمە بوو، خوشکی کوێخا عەوڵای گردەشێر بوو، شارەزاییەکی زۆر باشی بواری پزیشکی بوو، خەڵک لە دەوروبەری سکتان دەهاتن بۆ سەردانی بۆ چارەسەر وەرگرتن. ئافرەتی تریش هەبوو بەناوەکانی (شاتوو و حەلیم و خەجیجی دایکی وەسمان) دەستڕەنگین بوون، لەدروستکردنی (مافور و بەڕەو جاجم و دە سماڵ و ڕەشماڵ و بەرماڵ بۆ نوێژخوێنان)، جگە لەمانە هەموو جۆرە بەرهەمێکیان لە شیر دروستدەکرد وەک ماست و دۆ و پەنیر و لۆر و ژاژی و کەشک[١٠٦].

لەگوندی سکتان چۆن ئافرەتی دەست ڕەنگین و لێهاتوو هەبوون،بەهەمان شێوەپیاوی لەو شێوەیەشی تێدابووە، بەشێکی باش پیاوی بەهرەمەندی هەبووەلەزۆربەی بوارەکان لێهاتوو بوون ئەوانیش ئەمانە بوون: حاجی سەید تەها سەید ئەحمەد، لەبواری چەکسازیدا دەستێکی باڵای هەبووەلەساڵەکانی (١٩٦١ تا ١٩٧٣) لەگوندی سکتان دوکانێکی هەبوو، بۆ چاکردنی هەموو جۆرەتفەنگ و دەمانچەیەک، داری تفەنگی بەخۆی دروست دەکرد، بە شێوازیک هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ داری کارخانە، پالپشتێکی باشی دەکرد بۆ شۆڕشی کورد، لەو کاتەدا، لەهەر هێزێک کێشەلەتفەنگی هەبوایەیەکسەر ڕەوانەی لای وەستا سەید تەها دەکرا بۆ چاکردنەوەی. هەروەها شارەزایەکی زۆر باشی تەکنەلۆژیای ئەوکات بوو وەکو ڕادیۆ و کاتژمێر هەبوو، زۆر بەباشی لێی دەزانی و چاکی دەکردنەوە، ئەوەی جێگای

---

([١٠٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران سەلیم ٢٠٢٣/٣/٢٢ لە شارەدێی شەقڵاوە.

([١٠٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی کەریم ٢٠٢٣/٣/٢٣ لە شاری هەولێر.

تێڕامان بوو سەید تەها هەر کەرەستەیەکی دروست کردبا مۆری خۆی لێدەدا لەمۆرەکەی نووسرابوو (Made In Sktan) واتە: (دروستکراوە لە سکتانە)[١٠٧].

هەروەها کەسێکی دیکەش هەبوو، بەناوی حاجی حەمەد مستەفا، کە کاری ئەم پیاوە دروستکردنی (جام و قاپ و کەوچک )بوو، لەدار بە شێوازێکی زۆر جوان، لەدارەخۆرسکە کانی دەوروبەری گوندی سکتان، بەجوانترین شێوەو دیزاین دروستی دەکردن، لەزۆربەی ماڵ و دیوەخانەکانی دەڤەری خۆشناوەتی ئەم جۆرە کەل و پەلانە بەکاردەهاتن بەتایبەت لە ماڵەکانی سکتان[١٠٨].

---

(١٠٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەوهەر سەلیم ٢٠٢٣/٣/٢٢ لە شارەدێی شەقڵاوە.

(١٠٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولڕەحیم کەریم ٢٠٢٣/٣/٢٥ لە قەزای کۆیە.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١. گونـدی سـکتان ، گونـدێکی ناسـراوی نـاوچەی خۆشـناوەتی لیـوا/پارێزگـای هەولێـرە، ڕۆڵێکـی دیـاری لە گۆڕەپـانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیریی نـاوچەی خۆشـناوەتییدا گێـڕاوە، لەرێگـای چـالاکی ئـابووری و ڕۆشـنبیریی و سیاسـی و کـۆمەڵایەتی. سـالانێک (هەتـا پـێش تێکـدانی لە سـاڵی ١٩٨٨) زۆر خزمەتـی ئەو لایەنانەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە.

٢. گونـدی سـکتان (بە نـاوێکی دیـکە)، مێژوویێکـی کـۆنی هەیە، بە جۆرێـک تـا ئێسـتا بە دروسـتی نازانـدرێت، کەی دروسـت بـووە. سـەرچاوەیەک پێـی وایە کە لەسـەردەمانی کۆنـدا ئەم گوهاوسـنووری یەک بـوونە، گونـدی گۆسـکەش چەنـدان شـوێنەواری سـەردەمانی کـۆنی ئاشـووری لـێ دۆزراوەتەوە. کەواتە ئەگەر مێرخـوزار بەشـێک بوویێـت لە شارسـتانییەتی دەوڵەتـی ئاشـووری، دەبێـت مێـژووی ئەم گوندە بۆ زۆر پێش هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە،

٣. گونـدی مێرخـوزار، لە تەک کـار و چـالاکی سیاسـییدا، گەلێـک هەڵوێسـتی نەتەوایەتـی بەرچاویشـی هەبـووە، کە لە قۆنـاغە جیاوازەکـانی مێـژووی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـورد لە شـاری هەولێـر ڕەنگـی داوەتەوە، تەنـانەت زۆرجـار بە هۆیـانەوە دووچـاری دەردەسـەری و نالەبـاری هـاتوونەتەوە، ئەو هەڵوێسـتانەش زیـاتر لە چـالاکییە نەتەوەییەکـان و بەشـداری لە ڕووداوە سیاسـییەکان ڕەنگـی داوەتەوە.

٤. گونـدی مێرخـوزار، سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئـابووری هەولێـر و کوردسـتان و عێـراقیش بـووە، بەتـایبەت لە ڕووی بەروبـومی دانەوێـڵە و ئاژەڵـداری و بەرهەمـی ئـاژەڵی وەک ماسـت و سـپیمەنییەکان. کە ماسـتی گونـدەکە بـۆ بازاڕەکـانی هەولێـر و کەرکووک و بەغداش نێردراوە

٥. حـــوجرەی گونـــدی مێرخـــوزار، حـــوجرەیەکی بەناوبانـــگ بـــووە. وەکـــوو هەمـــوو حوجرەکـــانی کوردســـتان، جـــگە لە (قورئـــان و فەرمـــوودەی پێغەمـــبەر)، چەنـــدین وانەی تریـــان تێـــدا خوێنـــدراوە، کە زانســـتی وەک (بیرکـــاری و ئەنـــدازیاری و ئەستێرەناســـی و کیمیـــاو ژمێریـــاری و فیزیک..)یـــان لەخۆگرتبـــوو، پێیـــان دەگـــوترا (علـــومی مـــدونە)، فەقێیەکـــان هەم وەک وانە خوێنـــدوویانن، هەم کتێبیشـــییان لە ســـەر دانـــاون. زانـــای ناســـراو لە گونـــدەکە دەرســـیان داوەتەوە، وەک مەلا ئەحـــمەدی ســـائیم و چەنـــدان فەقێی هەبووە.

٦. گوندی مێرخوزار، نموونەیەکی بچووکی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، هەمان ئەو سیمایانەی کە لە تێکڕای کۆمەڵگادا هەن، لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە گوندی مێرخوزاریشدا، بوونیان هەبووە. لە ڕووی ئابوورییەوە کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە، پابەندبوون بە دابونەریت و ئایین، دوو بنەمای سەرەکی گوندەکە بوونە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم. کتێب:**


١. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، ب١، چاپخانەی الوفاء، بغداد، ١٩٦٢ .

٢. حامید گەوهەری، مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.

٣. حەسەنی دانیشفەڕ، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، و:بەهادین جەلال مستەفا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٤. رفیق رحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و ڕۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا (١٩٥٨–١٩٧٠)،چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٥. زەمان عەبدە، مەرگەساتی ئەنفال، ب١، چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠١٠.

٦. ستارە عارف، ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٧. شەوکەت مەلا ئیسماعیل، ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلول، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨. عبدالرزاق مەرزنگ، ڕاپەرین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٩. عبدالله غفور، فەرهەنگی جوگرافیای هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥.

١٠. عبدالله غفور، گوندەکانی باشووری کوردستان لە سەرژمێری دانیشتوانی عێراقدا–١٩٧٧، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١. عبدالله غفور، گوندەکانی باشووری کوردستان، چ١، سنە ،٢٠٢١.

١٢. کەمال خورشید میران، خۆشناو وخۆشناوەتی، ئا: سالار میران، چاپخانەی وەزیرییە، بەغداد، ١٩٨٥.

١٣. کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٤. مەلا شێمحەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦چۆن دەستی پێکرد؟!، چ٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٣.

١٥. نجم الدین یوسفی، شۆرەشا ئەیلوولێ دیتن و بۆچوون، و:مصلح حمزة، چ١، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، ٢٠١٦.

١٦. هاوكار كەریم حەمە شەریف، شۆڕشی ئەیلوول، چ١، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٢ .
١٧. هیوا سادق سەلیم، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای كۆیە (١٩٥٧–٢٠٠٢)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بغداد، ٢٠٠٦.
١٨. هەژار، هەنبانە بۆرینە، چ١، چاپخانەی سرووش، تاران، ١٣٦٩ش.

**دووەم. وتار و توێژینەوە:**

١. هۆشیار عبدالله، ناوی جوگرافی و مێژوویی هەندێ لە گوندەكانی هەولێر، ئینسكلۆپیدیای هەولێر، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
٢. هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، مەلا خدری دەشتی ژیان و ڕۆلی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و نەتەوایەتی، ئەكادیمیای كوردی (گۆڤار)، ژ (٤٩).

**سێیەم. تێزی زانكۆیی:**

– هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ، بزاڤی ڕۆشنبیریی كوردی لە شاری بەغداد، تێزی دكتۆرا، بەشی مێژوو–كۆلێژی ئاداب–زانكۆی سەلاحەددین/هەولێر، ٢٠١٧.

**چوارەم. چاوپێكەوتن:**

١. ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سكتان.
٢. ئەحمەد فەقێ، ٢٠٢٣/٣/٩، لە شاری هەولێر.
٣. ئەحمەد ئیبراهیم، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سكتان.
٤. ئەسكەندەر قادر حوسێن، ٢٠٢٢/١١/١١، لە شارەدێی سكتان.
٥. جمال ئەحمەد،٢٠٢٣/٣/١٠، لە شاری هەولێر.
٦. جەوهەر سەلیم، ٢٠٢٣/٣/٢٢، لە شارەدێی شەقڵاوە.
٧. حاجی علی ئەحمەد، ٢٠٢٢/١٠/٢٢، لە شاری هەولێر.
٨. حاجی وەسمان، ٢٠٢٣/٢/١٧، لە شارەدێی سكتان.
٩. حەسەن حەمەدئەمین، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە قەزای كۆیە.
١٠. حەمەدئەمین تەها، ٢٠٢٣/٢/١٧، لە شارەدێی سكتان.
١١. حەمەدئەمین خدری دێوانە، ٢٠٢٣/٢/٢٥، لە شارەدێی سكتان.

١٢. حەمەدئەمین فەقێ عەزیز، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە قەزای کۆیە.
١٣. خلیل قادر حوسێن،٢٠٢٢/١٢/١٠، لە شارەدێی سکتان.
١٤. دیاری خدر حەمەد، ٢٠٢٢/١١/١٢-٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
١٥. ڕەشید زوبێر ئەحمەد، ٢٠٢٢/١١/١٢، لە شارەدێی سکتان.
١٦. سێمان بابەکر ، ٢٠٢٣/٢/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
١٧. سەید تەها سکتانی، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
١٨. عبدالرحیم کەریم، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە قەزای کۆیە.
١٩. عبدالله رەسول ئەحمەد، ٢٠٢٢/١١/٢٧، لە شارەدێی سکتان.
٢٠. عبدالله ئەحمەد سکتانی، ٢٠٢٣/١/٣، لە شارەدێی سکتان.
٢١. عبدالله ئەحمەد، ٢٠٢٣/٣/٣١،لە شاری هەولێر.
٢٢. علی کەریم، ٢٠٢٣/٣/٢٣، لە شاری هەولێر.
٢٣. علی مەعروف، ٢٠٢٣/٢/١٧، لە شارەدێی سکتان.
٢٤. عومەر حوسێن، ٢٠٢٣/١/٢٦، لە گوندی سناوە.
٢٥. عومەر سکتانی، ٢٠٢٣/٣/٣١، لە شاری هەولێر.
٢٦. عومەری عەولای خارندی، ٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
٢٧. عەزیز حەمەئەمین، ٢٠٢٣/٣/٣١، لە شاری هەولێر.
٢٨. عەزیز مستەفا، ٢٠٢٣/٣/٣١،لە شاری هەولێر.
٢٩. قادر حوسێن، ٢٠٢٣/١/٢٦-٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
٣٠. قادری سۆفی ساڵح، ٢٠٢٣/٢/١٧، لە شارەدێی سکتان.
٣١. کامەران سەلیم، ٢٠٢٣/٣/٢٢، لە شارەدێی شەقڵاوە.
٣٢. مام برایم، ٢٠٢٣/٣/٢٧، لە شارەدێی سکتان.
٣٣. مامۆستا مەریوان کەریم، ٢٠٢٣/٣/٢٢، لە شارەدێی سکتان.
٣٤. مامۆستا نادر رەحمان، ٢٠٢٣/٣/١٢، لە شاری هەولێر.
٣٥. مامۆستا ئاکۆ قادر، ٢٠٢٢/١٢/٣-٢٠٢٣/٣/٣٠، لە قەزای کۆیە.
٣٦. محەمەد تەها،٢٠٢٢/١١/٢٠، لە شاری هەولێر.
٣٧. مستەفا قادر،٢٠٢٣/١٢/١٠، لە شارەدێی سکتان.
٣٨. مەلا خدر حەمەد، ٢٠٢٢/١١/٢٧-٢٠٢٣/٣/٢٥، لە شارەدێی سکتان.
٣٩. یوسف عومەر، ٢٠٢٢/١١/٢٢، لە شاری هەولێر.

**پێنجەم. سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**


١. وێب سایتی ئینتەرنێت، https://www.hawlergov.org/app/ar/node/412

٢. &https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1
q=20151016205816127552

٣. موحەمەد ڕزگار، وێبسایتی ئینتەرنێت، https://zaniary.com/blog/60622ebb5666d

٤. قائید میرۆ، وێبسایتی ئینتەرنێت، a=120800&https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13